

# عوسمان قادر
## بەزمانی هێڵکاری، زنجیرە جینۆسایدە-کانی کوردی گەیاند بە جیهان

سەرەتای ئەزموونی شێوەکاری لای ئەم هونەرمەندە لە پۆلی سێیەمی سەرەتاییەوە لە شاری سلێمانیدا سەری هەڵدا، ئەو کاتانەی کە لە ناوەندیی سیروان بووە، مامۆستا عەلی جۆلای ناسیووەو لە مەرسەمەکەیدا کاری هونەریی کردووە، لەوێ لەگەڵ هونەرمەند ئاراس عەبدولکەریمدا بوون بەهاورێو مامۆستا کامیل ئەحمەدی پێ ناساندووە، لە ناوەندیی سیروان ستۆدیۆیەکی باشیان هەبووەو لەوێ ئەزموونی فراوان کردووەو تێکەڵ بەزۆر کەس بووە.

لە ١٩٨٠دا بۆ یەکەم پەیمانگەی هونەرەجوانەکان لە سلێمانی کرایەوە، لە مامۆستا عەلی جۆلاو بەختیار مستەفاو عەبدوڵلا رەسوڵ-ەوە زۆر شت فێربووە. لەو رێچکانەوە زیاتر تینوی تازەگەری بوو، بۆ ئەوەی زیاتر لەو بوارەدا خۆی پەروەردە بکات، ئاستی هوشیاریو رۆشنبیریی خۆی فراوان بکات، ئەو کاتەش چاودێرییەکی ورد لەسەر هەموو جموجۆڵێك بوو، ئەوان هەموو سنوورەکانی بەداواداچوونو گۆرانکاریو داهێنانیان داخستبوو، ئەم هونەرمەندە عاشقە، عوسمان قادر-ە هەر لەمنداڵییەوە بەناو نهێنییە ئاڵۆزەکاندا شۆربووەتەوە، لەو کاتەوە تا ئێستا بەدوای وەڵامی پرسیارەکاندا دەگەرێت، تەنانەت وەڵامەکانیش لای ئەو پرسیاری تر دروست دەکەن، سەرەتای سەرهەڵدانی هونەرو ئەزموونەکانی هەمووی هەر پرسیارن، ئەزموونەکانیش زیاتر بەناو نهێنییە وردەکاندا شۆردەبنەوە، لەم بابەتەدا یادەوەرییەکانی ژیانی (عوسمان قادر) کاریگەریی رووداوەکانی ژیانو مەرگەساتی گەلەکەی دەخەینەروو، چۆن دواتر لە کارە هونەرییەکانیدا رەنگی داوەتەوە، ئەمە پانارۆمایەکی عوسمان قادرو هونەرەکەیو پێشمەرگایەتیو دەرەوەیە.

**هونەرو پێشمەرگایەتی:**

عوسمان لە منداڵییەوە بەبێدەنگی هەستی بەبوونی دەوروبەرەکەی دەکرد، روانینەکان لای ئەو ئاسان نەبوو، ناخی منداڵانی ئەو تێکەڵ بە رۆحو گیانی سروشت بووبوون، ئەو بەوردی سەیری هەر چوار وەرزی ساڵی دەکرد، روانینەکانی سادە نەبوون، سەرنجی گۆرانی جلوبەرگی خەڵکی دەدا، لە باوکە بەرگدرووەکەیەوە ئالودەی رەنگەکان بووبوو، برا گەورەکەی عاشقی وێنەکردن بوو، بەڵام زەمەنەکان بواری بەردەم بونییان نەدا، رووداوەکانی ژیانی منداڵیی ئەو کاریگەرییە زیندووەن لەگەڵ هەڵکشانی تەمەنی مرۆڤدا زیاتر تۆخ دەبنەوە، هەستو هۆشی مرۆڤ داگیر دەکەن.

دیمەنی ڕووداوەکانی شۆڕشی ئەیلولو تراژیدیاکانی گەلەکەی لە کامێرای چاوەکانی و مێشکی ئەودا بەجۆرێك تۆمارکراون، سڕینەوەیان نییە، ئەو ڕۆژانەی خانەوادەکەیان لە شارەوە ڕوویان کردە گوندی گەرەزیل-ی قەرەداغ، تەمەنی عوسمان ٩ ساڵ بوو، هەموو بەیانیانێك بەدەفتەرو کتێبەکانی بن دەستییەوە، بەگردوڵکەکاندا بۆ خوێندن ڕووی دەکردە گوندی دۆڵان، ئەو ساڵانە هەموو سروشتو ژیان بۆنی کوشتنو بڕینو باروتی لێدەهات، دەنگی فڕۆکە جەنگییەکانی عیراقو دەنگی تەقینەوەی بۆمبو ناپاڵمەکانیان دڵی مرۆڤو سروشتیان دەهەژاند.

پیلانی جەزائیر لەگەڵ خۆیدا ڕۆژە ئاڵۆزو تەماوییەکانی دژوارتر کرد، باڵی بێهیوایيو بێدەسەلاتیی خەڵك سەراپا هەموو شاخو گوندو کۆڵانو شەقامی شارەکانی گرتەوە، ئەو ڕۆژانەی میلی چەکەکان لە بەردەم بارەگای پارێزگای سلێمانیدا نەوی دەکران. هەندێ لەو چەکە حەشاردراوانەش لە گوندو بنشاخو لاپاڵەکاندا جارێکی تر لە شانی پێشمەرگەی مەفرەزە سەرەتاییەکان کرانەوەو کوردستانو عیراقو دنیایان هەژاند، گوندەکانی سنوور خاپورکران، جووتیارەکانیان لە ئۆردوگاکاندا توندکرد. لەو ساڵانەدا کوردێکی زۆریان بۆ گوندو ناحیەو قەزای شارەکانی خوارووو و ناوەڕاستی عیراق ڕاگواست، چەندان کەس دەستگیرو ئیعدامو بێ سەروشوێن کران، گەڕانەوەی تەرمی عەبەی ئایشێو گۆڕینی پرۆگرامەکانی خوێندن لە کوردییەوە بۆ عەرەبی، ئەمانە هەمووی ناخ و هەستو هۆشی عوسمان قادریان بەجۆرێك هەژاند، دەیویست ڕووبەڕووی ئەو هەموو زوڵمو زۆرداریيانە بێتەوە، بەڵام بەکام چەك ئاماژە بەو هەموو تراژیدیانە بکات؟ توانای نووسینی نەبوو، هەموو هیوایەکی ئەو ئەوەبوو، نابێت دیمەنی تراژیدیاکان کاڵببنەوە، بەزیندوویێتی بگات بەنەوەکانی داهاتوو، عوسمان هەموو ئەو کەرەسانەی بەهێڵکاری لە چەند هەولێکی جیاجیادا دەربڕی، ڕووی بکردایەتە هەر شوێنێك دەفتەری سکێچەکانی بەدەستەوە بوو، وێنەی ژنە ماستفرۆشەکانی ژێر پردەکەی دەکێشا، وێنەی خەڵوزفرۆشو عەرەبانچییەکانی بەر مزگەوتی گەورەی دەکێشا، لە چایخانەکاندا بە بەردەوامی هێڵکاریی دەکرد، بیرەوەرییەکانی ١٩٧٧-١٩٨٠ لە ٣٠٠ کاری باستیلو ئاویو زەیتیدا کێشا، بەهۆی هەلومەرجی نائاساییەوە ژمارەیەکیان لەناوچوون، خانەوادەکەی چەند ژمارەیان بۆ پاراستووە، بەهۆی ئەوەی خانەوادەکەیان تێکەڵ بەژیانی پێشمەرگایەتیو شاخ بوون، عوسمان یەکەم وەجبەی پەیمانگەی هونەرەجوانەکان بوو، لە دوو ساڵی کۆتاییدا زۆریان بۆ دەهێنان کە هاوکاریی دەوڵەت بکەن، لە هاوینی ١٩٨٥دا گەواهییان پێ نەدان، نووسراوێکیان پێدان بەناوی قەتع علاقە، حسابی مەحول ئوومییان بۆ کرا.

عوسمان قادر دەڵێ: بۆیە بڕیارم دا ڕوو بکەمە شاخ دواتر لە ئێرانەوە خۆم بگەیەنمە هەندەران لە مانگی ١١/١٩٨٥دا لە ئێران گیرام بەتۆمەتی دیموکرات، پاشان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان زیندانی کردم، لەوکاتەدا یەکێتی پەیوەندیی لەگەڵ ئێراندا باش نەبوو، بەهۆی خۆفرۆشێکەوە ژیانیان لێ تاڵ و ئاڵۆز کردم، بەهۆی منیشەوە هەردوو هاوڕێم خالید ڕەسولو سەلاح عەبدول دەسگیرکران، نێردراین بۆ زیندانی سنە، منیان برد بۆ ئینفرادی مانگێك لەوێ بووین، دواتر گوێزراینەوە بۆ زیندانی سمنان ٤ مانگ لەوێ بووین، دواتر دۆڵەکۆگە.

براینە ئۆردوگایەکەوە پڕ بوو لە کوردی فەیلی، ئەوانەی ڕژێمی عیراق دەستی بەسەر ماڵ و موڵکیاندا گرتبوو، دەریکردبوون، کوڕە گەنجەکانیشیان زیندانی کران، زۆربەیان کۆمەڵکوژ کران، ژیانی خوڕەم ئابادمان زۆر ناخۆش بوو، ئەو کاتەی پەیوەندیی (ی.ن.ك)و ئێران باش بوو، ئازادکراین، من گەڕامەوە بۆ کوردستان، بەهاری ١٩٨٧ سەردانی دەزگای ڕاگەیاندنی (ی.ن.ك)م کرد، لەبەرگەڵو، کیمیابارانی ئەوێ کرا، هەرچەندە من زۆر لەو شوێنە نزیك نەبووم، بەڵام لەبەر ئەوەی لەگەڵ بریندارەکاندا مامەوە، هەواکەم هەڵمژی بوو، ٤ ڕۆژ چاوەکانم نەیاندەبینی، ئازارێکی زۆرم هەبوو، خۆم گەیاندە مەرگە، لەوێ پێیان وتم: (تەنیا هەوای کیمیاوییەکەم بەرکەوتووە،

ماوەیەکی کەم چاك دەبینەوە)، خۆم گەیاندە بەلەکجاڕی قەرەداغ، لە مەڵبەندی یەك مامەوە، وەك پێشمەرگەیەکی هونەرمەند بەبەردەوامی کاری هونەریم بەقوڕو قیرو قەڵەم دەکرد، لەو کاتەدا جۆزێفو رۆبرت دوو ئەندازیاری ئیتالی بوون لەلایەن هێزی پێشمەرگەوە دەسگیرکرابوون لەوێ بوون، جۆزیف نەحاتێکی باش بوو، لەدار نەحتی لە شێوەی پەیکەرو سەبیلی دروست دەکرد، کارەکانی مایەی سەرنجی پێشمەرگەبوون، جۆزیف بەمن خۆشحاڵ نەبوو، چونکە ئەزموونی منی نەبوو، من نەمدەزانی سیلاح بتەقێنم، نەمدەتوانیی بەشداری شەڕ بکەم، بەشداریی شەڕیشم بکردایە دوژمنم پێ نەدەکوژرا، قەڵەمەکەم چەکم بوو، ترسنۆکیش نەبووم، لە تۆپباران و ناخۆشییەکاندا خۆم جیانەکردووەتەوە، هەنگاو بەهەنگاو شاخو دۆڵەکانی گەرمیانو قەرەداغو بازیانو مەرگەو شارباژێرم تەیکردووە، کارەساتو مەرگەساتەکانم بەچاوی خۆم بینیووە، بوونەتە هەوێنی سەرەکیی کارەکانم، لەو شاخانە پێشمەرگەکانم دەبینی برسیو ماندوو، قاچەکانیان لە رۆشتنە بەردەوامەکاندا بڵقیان کردبوو، لە ئەنفالی ٣ی گەرمیاندا خەڵکی گوندەکانم دەبینین گوندەکانیان بەسەریەکدا خاپوور دەکرا، خۆشیان هیچ بوارێکیان لە بەردەمدا نەمابوو، روویان دەکردە نزیك شارو شارۆچکەکانو لەوێ دەسگیرو بێ سەروشوێن کران، بەزەحمەتێکی زۆر بەناو هێزەکانی سوپای عیراقو جاشەکانو رەبایەکاندا گەیشتین، دواتر رومان کردە شاری سەقز لە ئێران، هەموو کولتوورێکی کوردەواریمان لەوێ بینی، لەوێ لەگەڵ مامۆستای هونەرمەند رەمزی قوتبەدین، ئەردەڵان، رێبوار خالید، رێبوار سەعید، لەچەند پێشانگەیەکدا کارەکانمان لە سەقز خستەڕوو، جێگای سەرنجی خەڵکی شارەکەبوو، خەڵکێکی زۆر هونەردۆستی لێبوو، رۆشنبیربوون، بەڵام کارەکانیان ئەکادمی نەبوو، کارەکانیان کۆپی بوو، ئەوان زۆر حەزیان دەکرد فێری کاری هونەری بن، داوایان لێکردم لە خانەی فەرهەنگ وانەی هونەر بڵێمەوە، ئەزموونەکەی خۆمیان پێ بگەیەنم، منیش رازی بووم، کاری کۆپی ئاسانە، بەڵام کاری هونەری ماندووبوونو کاتو عەشقێکی زۆری دەوێت، لەو ماوەیەدا توانیم هونەری شێوەکاری بەشێوەیەکی ئەکادیمی بگەیەنم، ژمارەی خوێندکارەکان هەمیشە لە زۆربووندا بوون، هەندێکیان بوون بەهونەرمەندی زۆر باش، لە ساڵی ٢٠٠٥دا سەردانی شاری سەقزم کرد، گۆڕانی زۆر باشم لەو بوارەدا بینی.

سەقز بۆ ئێمە دوای ئەو هەموو مەرگەساتە بوو بەمەڵبەندێکی گرنگی هونەری بۆ منو رەمزی قوتبەدین، چەندەها شاکاری گەورەمان لێ بەدی هێنا، زۆر لە مەرگەساتەکان هاتنە سەر کانڤاسو کاغەزو جێگای گەورەیان گرت لە گەیاندنی هەستەکانماندا، ئەو کارانە خوێندنەوەیەکی گەورەبوو بۆ من، تا ئێستا لە گرنگترینو بەناوبانگترین مۆزەخانەی جیهاندا دانراوە. من لەو کاتەدا لە هاوڕێکانم زیاتر سەردانی تارانم دەکرد، بەمەش فرسەتی پەیوەندیو خەڵکناسینم بۆ دروست بوو، توانیم کارەکانم بەزۆر شوێنی گرنگ بگەیەنم، پێشانگە لە تارانو چەند شارێکی تر بکەمەوە، لە ساڵی ١٩٨٨دا ئێران هەموو دەرگاکانی سنوورەکەی بۆ میدیاکانی دنیا کردەوە، بۆ ئەوەی مەرگەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە بەدنیا بگەیەنن، سەدام چیی بەکورد کردووە، لە رێگەی پەیوەندییەکانی (ی.ن.ك)ەوە لە تاران داوایان لێکردین هاوکارییان بکەین، ئەوسا هاوڕێیانی راگەیاندن منیان نارد بۆ سەرپەرشتیکردنی پرۆژەکە، لەو کاتەدا ئاسان نەبوو باوەڕ بەئێران بکەین، ئەوان زۆر بەجدی پێیان وتین: هیچ مەبەستیان لە کارەکانی ئێمە نییە، تەنیا زیندووکردنەوەی کەرەستەکە نەبێت، ئەوان دەیانزانی کارەکانی ئێمە سەنگو قورسایی خۆی هەیەو گرنگە، جێگای خۆی دەگرێ، بڕیاربوو تابلۆکانمان بۆ بکەن بەکارت و پۆستەر، خۆمانو تابلۆکانمان بچینە ئەورووپاو لەوێ پێشانگە بکەینەوە، ئاسانکاریمان بۆ بکەن، بۆ دابینکردنی گەلەر بۆ پیشاندانی کارەکانمان لە پاریسو سویدو لەندەنو ئیتاليا، ئێران کارەکانیان بۆ چاپ کردین، ئاسانکاریشیان بۆ کردین، بەڵام وەرگرتنی ڤیزە زۆر زەحمەت بوو، تەنیا چەند برادەرێك ڤیزەیان وەرگرت.

## تراژیدیاکان کاڵنابنەوە

ئەو پرسیارە هەمیشە ناخی عوسمان دەهەژێنێ، کە تۆ خەڵکی کوێیت، دەڵێ کوردم، کوردی عیراق، کە وتت کوردی عیراق بەمانای ئەوەی عەرەبیت، دەتوانیت بەعەرەبی قسەبکەیت، بۆ ئێرانو تورکیاو سوریایش هەمان چیرۆکە.

عوسمان وەك هونەرمەندێکی رەسەنو خاوەن هەڵوێست، لەگەڵ ئازارەکانی گەلەکەیدا بەجۆرێك ئاوێتەبووە، لە منداڵییەوە هەستی بەهەموو چەوسانەوەکان کردووە، یاسینی برای تەمەنی ٣٥ ساڵە وەك شەهیدێکی زیندوو لە ماڵەوە زەمەنە وەستاوەکان بەرێدەکات، دیمەنەکانی ژیانی ئەو هەموو رۆژێ ناخی دەهەژێنێت، تراژیدیای گەلەکە لای ئەو کاڵنابێتەوە، ١٨ ساڵە عوسمان لە ئەوروپایە، کارەکانی بەڵگەی ئەوەن کە لەگەڵ یاوەریی تراژیدیاکاندا دەژین، دەیەوێت بەزمانی هونەر بیگەیەنێتە جیهان، ئەو لەوێ لە چێشتخانەو بازاڕ کاری کردووەو شۆفێریی کردووە، بەڵام هونەرەکەی نەکردووە بەکەرەستەی پارەپەیداکردن، کارەکانی ئەو کاری مۆزەیە، کاری دۆکمەنتی تراژیدیای میللەتەکەیەتی، عوسمان هەست بەلێپرسینەوەیەکی ئەخلاقی بەرامبەر بەهەموو شتەکانی دەورووبەری دەکات، پڕ لەوەفا بەرامبەر بەقوربانیەکان، ئەو لەو ماڵانەدا نانی خواردووە، دواتر بێ سەروشوێن کراون، ئەو لەو خوێنەرانە بێزارە کە هیچ ئینتیمایەکیان نییە، بەرۆحێکی متەوازعانەوە قەت خۆی لە خوێنەری جیانەکردووەتەوەو بڕوای تەواوی بەخۆی هەیە، هەر ئەمەش بووەتە هۆی بەردەوامیی هونەرەکەی.

## مۆزەخانەی ئیمپریال-ی بەریتانیا

عوسمان دەڵێ: لە ٢٠٠٤دا گەرامەوە بۆ کوردستان، کرام بەجێگری بەڕێوەبەری گشتی، دڵم زۆر بەو کارە خۆش بوو، گەرامەوە بۆ لەندەن، وازم لە هەموو کارەکانی ئەوێ هێنا، هیچم لە ماڵەکەمدا نەهێشت، بەیەکجاری گەرامەوە بۆ سلێمانی، دوای سێ هەفتە بەنووسراوێکی ئەنجومەنی وەزیرانی سلێمانی کارەکەیان لێسەندمەوە، بێئەوەی هیچ بایەخێکم پێبدەن، نۆ مانگ چاوەڕوانم کرد، هیچ حسابێکیان بۆ نەکردم، بڕیارم دا بگەڕێمەوە بۆ لەندەن، کۆڵنەدەم، هونەرەکەم بکەم بەڕێڕەوی ژیانم، خوێنەر بۆ کارە هونەرییەکانم پەیدا بکەم، لە گرنگترین زانکۆی هونەر لە لەندەن، دەستم کرد بەخوێندنی باڵا لە بواری هێڵکاری، تراژیدیای ئەنفالم کرد بەپرۆژەی دۆکمەنت، بۆ ئەوەی ئەو مەرگەساتە بەدنیای دەرەوە نیشانبدەم، لە رێگەی هونەرەوە بواری زۆر سیمنارم بۆ خۆم پەیدا کرد، لە هێڵکارییەوە جینۆسایدی ئەنفالم لە رێی هێڵکارییەوە خستەڕوو، زۆر شت فێربووم، مەرگەساتی ئەنفالی گەلەکەشم گەیاند، ئەو خوێندنەش دەرگایەکی نوێی بۆ کارە هونەرییەکانم کردەوە، بۆ ئەوەی کارەکانم بەرمە لوتکە، لە گرنگترینو بەبایەخترین گەلەری دنیادا لەگەڵ شاکاری گەورەترین هونەری بەریتانیا دابنرێن. دواتر گەیاندنو خوێندنەوەی کارەکانم گەیشتە ئەو ئاستەی لە مۆزەخانەی شەڕی بەریتانیا وەك شایەتحاڵێك خۆی لەوێ مەرگەساتەکان بەوردی دەگێڕنەوە، تراژیدیای گەلەکەمان لەوێ خۆیان بەزمانی هونەر خۆیان زنجیرە جینۆسایدەکان بۆ هەموو دنیا دەگێڕنەوە، چۆن ئەو کاتەی لە شاخ وەك هونەرمەندێك چەکەکەم قەڵەمم بوو، ئەو کارانە بووە مایەی تێڕامانی هونەرمەندەکان، زۆر لە هونەرمەندە باشەکانی بەریتانیاو جیهان خەون بەوەوە دەبینن کە کارەکانیان لەو مۆزەیەدا بێت، من لەوێ پێشانگەیەکی تایبەتیو گەورەم بۆ دابین کرا، پارێزگاری لە کارەکانم کرا، ئەمە خەونێکی گەورەی بۆ هێنامەدی، کە کارە هونەرییەکانم موڵکی میللەتەکەمە، ئەگەر حکومەتی هەرێم ئاگای لە وردەکاریی ئەو کارانە بێت، ئەمجا دەزانێ ئەو کارانە چەند بەهایەکی گەورەی هەیە، بەداخەوە تا ئێستا حکومەتی هەرێم خوێندنەوەی بۆ نەکردووە، پێشانگەیەکی زۆر گرنگو نایابیان لە مۆزەخانەی ئیمپریال-ی بەریتانیا لە لەندەن بۆ کردمەوە، پێشانگەیەکی زۆر سەرکەوتووبوو، بەرهەمەکان لە ئاستێکی زۆر گەورەی هونەری لە هۆڵێکی زۆر گرنگو بەبایەخ کە بەهۆڵی سێرجنت جۆنس لە مۆزەکەدا ناسراوە.

**نەهامەتییەکانی جەنگ لە مۆزەخانە**

لەو دەمەی ئەم مۆزەیە دروست کراوە، تەنیا ٣ هونەرمەندی بەریتانیا ئەو فەخرەی لێرە پێبەخشراوە، منیش چوارەم کەس بووم کارەکانم لەم هۆڵەدا پیشان بدرێت، وەك پەیوەندییەکی بەهێزی هونەریو بابەت لەسەر سەربازە برینداراەکانی بەریتانیا لە شەڕی دووەمی جیهانی بەگازی کیمیایی، کارەکانی منیان لەگەڵ شاکارە گەورەکەی سیرجنت جۆنسدا دانا. ئەو کارە هونەرییانە لەلای بەریتانییەکان جێگای شانازیو رێزلێنانە، لە رووی توانای هونەریو لەرووی پیشاندانی دۆکمەنتکردنی بەکارهێنانی گازی کیمیایی، کارەکانی منیش وەك شایەتحاڵێکی زیندووی رەشەباو ژەهرو ئەنفال، گوزارشتی لە ئەنفالو کیمیابارانی هەڵەبجە کە تاوانی جینۆسایدکردنی کوردی دەگرتەوە وەك دۆکمەنت بەمولکی مرۆڤایەتی دانران، وەك خستنەڕووی ئازارەکانی مرۆڤ لە شەڕدا پیشاندانی نەهامەتییەکان کە شەڕ بۆ مرۆڤایەتی دەهێنێ.

رۆژی کردنەوەی مۆزەخانە، کۆمەڵێ خەڵکی تایبەت بەهونەرو کۆمەڵێ کەسییەتی کورد بانگهێشت کرابوون. بەڕێوەبەری گشتیی مۆزەکە ناوی رۆجەر بوو، منی بەئامادەبووان ناساند، گرنگیی کارەکانی منیان خستەڕوو، وتی: (عوسمان قادر) بەهۆی هەستە مرۆڤایەتییەکەیەوە بەزمانێکی جیهانیو بەهێزی هێڵکارییەکانییەوە توانیویەتی خۆی بگەیەنێتە ناو دڵی مۆزەخانەکەمان و ئەو هەقە بۆ خۆی بەدەست بهێنێ، کارەکانی لەگەڵ شاکاری هونەرمەندە گەورەو بەئەزموونەکانی بەریتانیادا جێگابکاتەوە، سوپاس عوسمان) دواتر باسی گرنگیی مۆزەخانەکەی بۆ میوانەکان کرد، هەر لە دروستکردنی مێژووی دروستکردنی مۆزەکەو رۆڵی مۆزەکە لە پاراستنو پیشاندانی بەکۆمەڵگە، لەرووی خستنە رووی رووی خراپی شەڕ کە هەمیشە مرۆڤ زیانی لە شەڕدا لێدەکەوێت.

من پێم وایە، وەك زۆربەی هاورێیانمان لەوێ بوون، ئەمە کارێکی تایبەتمەندو بەهێزە، توانای هونەرییە باس لە تراژیدیای گەلەکەمان بکات، بەو شێوەیە لەوێ خوێندنەوەی وردو قوڵی بۆ بکرێت بەقەد سەنگو قورسایی گەورەی مەرگەساتەکە، بۆ ئەوەی بچێتە ناو جەرگی شاکارەکانی هونەری دنیاوە، بەو شێوە بەهێزە جێگای خۆی بکاتەوە، من دڵنیاتان دەکەم، ئەمە تەنیا دەرگایەکە، نەخشەو بەرنامەی کاری گەورەترم بۆ ئایندە هەیە.

**هەورەکان و پیرەمەگرون**

هونەری زمانی دەربڕینی عوسمان قادر، لە کاریگەریی سروشتەوە سەریهەڵداوە، لەو تایبەتمەندییەوە کە پەیوەندیی بەدەورووپشتەوە هەیە پێناوی هونەرمەندە دەردەکەوێت، ئەم هونەرمەندە هێمنو بێدەنگ بووە، بەڵام بەوریاییەوە سەیری هەموو شتەکانی کردووەو بەدوای نهێنیی ئەودیوی شتەکاندا گەڕاوە، بەبەردەوامی خولیای گەڕان بوو، لەزەتی لە جوانیی سروشت وەرگرتووە، کە هەورەکان لەقووڵایی ئاسماندا لەجموجوڵ بوون ئەم لە تێڕاماندا نوقمی پرسیاربووە، چیای پیرەمەگرونو هەورەکان هەمیشە ئارامییان بەڕۆحی بەخشیووە، زنجیرە چیای گۆیژەو ئەزمرو گڵەزەردە مۆزەخانەی ئەو بوون.

**تێکەڵ بەڕۆحی گۆیاو کیتا کۆلفیچ بوو**

سەرەتای ئاشنابوونی عوسمان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٧٦، یەکەم جار لە یانەی سیروان مامۆستا کامیل ئەحمەدی ناسیوە، زۆر سەرسامی کارەکانی بووە، هەلومەرجوژیانی ئەوکاتەی ئەوبەشێوەیەك بووە کە ئازارەکان خۆیان بەسەر کارەکانیدا سەپاندووە، قوتابخانەی تەعبیری باڵی کێشابوو بەسەر کارەکانیدا، لەو سەردەمەدا مەسدەروو سەرچاوەی هونەریی زۆر کەم بوون، بۆ یەکەمجار کارەکانی کۆنستابلی بینی سەرسامی کردووە، کارەکانی تولس لۆتریكو دیگاس، ماوەیەکی زۆر بەڕۆحی نزیکبوون، بەڵام زنجیرە تراجیدییە بەردەوامەکانی رۆژانە رێگای ئەوەی نەدەدا کە بەو شێوەیە کار بکات، بێ بیرکردنەوە شێوەکارو مەدرەسەیەکی تر خۆی فەرز دەکرد بەسەر کارەکانیدا

که زۆر نزیك بوون له ناخییه‌وه، ئه‌و له ناخی خه‌ڵکدا ده‌ژیا، گرتن و کوشتن و له‌سێداره‌دان و بێسه‌روشوێن زۆر له ژیانییه‌وه نزیك بوون، بابه‌ته‌کان هه‌ر هه‌مووی واقیعی بوون، کاره‌کانی عوسمان پێویستی به‌په‌روه‌رده‌کردن بوو، بۆ هه‌نگاوی نوێ، ئه‌و به‌ئه‌زمونی خۆی گه‌یشته ئه‌و ئه‌نجامه‌ی که په‌له‌کردن له کاری زیندوودا دروست نابێت، تا به‌رهه‌می پڕ له گۆڕانکاری و نوێ له هه‌وڵه به‌رده‌وامه‌کانیدا بێنێته‌کایه، دواتر له کاره‌کانیدا به‌دواداچوون و تێکه‌ڵی په‌یدابوو له رۆحی (گۆیاو کیتا کۆلۆفیچ) نزیك بووه‌وه‌و بوو به‌هاوڕێی کاره‌کانی گۆیا، تا ئێستاش ئه‌و کاریگه‌رییه‌ی تیا ماوه، به‌ڵام به‌شێوه‌یه‌ك که تایبه‌تمه‌ندیی رۆحییه‌تی خۆی ون نه‌کردووه، عوسمان ئێستا دکتۆرا له بواری جینۆساید له رێی هێڵکارییه‌وه ده‌خوێنێت، لێکۆڵینه‌وه له‌سه‌ر ئه‌و چه‌ند هونه‌رمه‌نده ده‌کات که له هه‌مان بارودۆخدا پێکه‌وه‌بوون، کلیلی لێکۆڵینه‌وه‌که‌ی له هونه‌رمه‌ندی مه‌زنی گۆیای ئیسپانییه‌وه ده‌ست پێده‌کات.

مه‌رگه‌ساتی ئه‌نفال و کیمیاباران ناخ و هه‌ستی عوسمان قادرو ره‌مزی قوتبه‌دین و رێبوار سه‌عیدو ئه‌رده‌ڵان و رێبوار خالیدی داگیرکردووه، ئه‌مان وه‌ك هونه‌رمه‌ندی پێشمه‌رگه خۆیان له ناو تراژیدیاکه‌دا بوون.

**زمانی هونه‌ر،**

زنجیره مه‌رگه‌ساته‌کانی کوردی گه‌یانده دنیا عوسمان قادر ده‌ڵێ: ره‌مزی قوتبه‌دینی هاوڕێم و هونه‌رمه‌ندی به‌توانای هه‌میشه ده‌یگوت (شاخ، زانکۆ بوو)، منیش بڕوام وایه، به‌ڵام زانکۆیه‌کی پڕ له تراژیدیا.

دوای ئه‌نفال و ژه‌هربارانی هه‌ڵه‌بجه، عوسمان وه‌ك هونه‌رمه‌ندێکی شایه‌تحاڵ که خۆی له‌ناو هه‌موو وێرانکاری و کۆمه‌ڵکوشتنه‌دا بووه، هه‌موو ئه‌و مه‌رگه‌ساتانه‌ی له ته‌واوی ته‌مه‌نیدا بینیبووی، له کاره‌کانیدا ره‌نگیدایه‌وه، به‌به‌رده‌وامی خه‌ریکی کارکردنی هێڵکاری به‌شێوه‌ی جیاجیا.

ئه‌و ده‌مه له‌گه‌ڵ مامۆستا ره‌مزی قوتبه‌دین و ئه‌رده‌ڵان و رێبوار له ده‌زگای راگه‌یاندنی یه‌کێتیی نیشتمانیی کوردستان پێکه‌وه کاریان ده‌کرد، له باره‌ی کاره‌کانی یه‌کتره‌وه ده‌دوان، عوسمان له هه‌موویان زیاتر بواری جموجوڵ و هاتوچۆی بۆ ره‌خسا، له چه‌ند هه‌وڵێکدا توانیی له‌گه‌ڵ هونه‌رمه‌ندان مامۆستا ره‌مزی قوتبه‌دین، رێبوار، ئه‌رده‌ڵان، ئاکۆدا چه‌ند پێشانگه‌یه‌کی هاوبه‌ش بۆ ساڵیادی هه‌ڵه‌بجه له ساڵی ١٩٨٩ به‌هاوکاریی هونه‌رمه‌ند عه‌باسی ڤیدیۆ بکه‌نه‌وه، ده‌وڵه‌تی ئێران بریاری دا قورسایی ژه‌هربارانی هه‌ڵه‌بجه به‌قه‌د قه‌واره‌ی خۆی بخاته به‌رده‌م کۆمه‌ڵگه‌ی نێوده‌وڵه‌تی، به‌هۆی په‌یوه‌ندییه‌کانی یه‌کێتی له تاران داوایان کرد عوسمان قادر بچێ بۆ تاران تا هاوکارییان بکه‌ن، بریاریان دا ئه‌و هونه‌رمه‌ندانه سه‌فه‌ر بکه‌ن بۆ چه‌ند وڵاتێکی ئه‌وروپا له‌وانه به‌ریتانیا، فه‌ره‌نسا، سوید، ئیتالیا، تا کاره هونه‌ریه‌کانیان پیشان بده‌ن.

دواتر ته‌نیا ڤیزه بۆ مامۆستا ره‌مزی قوتبه‌دین و رێبوار درا، پێشانگه‌یه‌کی هاوبه‌شیان له پاریس بۆ کردینه‌وه، زۆر له کاره‌کانمان وه‌ك کارت چاپ کرا، له پشتی کارته‌کانیش به‌زمانی ئینگلیزی باسی تراژیدیای ژه‌هر بارانی هه‌ڵه‌بجه به‌ئیمزای هونه‌رمه‌نده‌که کرابوو، داوای پشتیوانیی له هه‌موو دنیای تیا کرابوو.

ئه‌م کاره هونه‌رییانه له‌و هه‌لومه‌رجه ئاڵۆزه‌دا که خه‌باتی چه‌کداری نه‌مابوو سه‌رکه‌وتنێکی گه‌وره بوو، خه‌ڵك له بێهیواییدا بوو، له‌و کاته‌دا ته‌نیا راگه‌یاندن، رۆڵی دیاری هه‌بوو، سه‌رکردایه‌تیی (ی.ن.ك) پشتیوانیی ته‌واویان له‌و هونه‌رمه‌ندانه کرد، تیپی مۆسیقای شه‌هید کارزانیش چه‌ند به‌رهه‌مێکی زۆر گه‌وره‌یان پێشکه‌ش کرد، رۆڵی هونه‌ر به‌ته‌واوی ده‌رکه‌وت، زمانی هونه‌ر توانیی سه‌نگ و قورسایی جینۆسایدکردنی گه‌لی کورد بگه‌یه‌نێته میدیاکانی دنیا.

**عه‌بدوڵلا که‌ریم مه‌حمود**

# سیروان جەمال لە شانۆیی

# (ئاهەنگی کارمەندان)دا



هونەرمەند سیروان جەمال کە ناسراوە بە سیروانی کەشکۆڵ، بەشداریی لە نمایشی شانۆنامەی (ئاهەنگی کارمەندان) دا کرد، کە تازەترین بەرهەمی ساڵی ۲۰۰۸ی تیپی شانۆی (درانگ – Drang)ـە و یەکێکە لە تیپە شانۆییە چالاکەکانی هۆڵەندا لە شاری دەنهاخ (لاهای). نمایشەکە رۆژی ٤ی نۆڤەمبەری ۲۰۰۸ دەستی پێکرد و هەتا ۲۹ی نۆڤەمبەر بەردەوام بوو و ڕۆژانە بینەرێکی زۆر ئامادی بینینی بوون. جێی ئاماژەیە دەقی ئەم شانۆنامەیە باس لە کەش و هەوای خوێندن و سیستمی پەروەردەی وڵاتی کۆچبۆکراو دەکات کە هۆڵەندایە و لە میانی ئاهەنگی کۆتایی ساڵی خوێندنگەیەکدا ئەم شانۆنامەیە دەیەوێت ئەو کەموکوڕی و ناجۆرییانە بخاتە ڕوو کە زۆرجار لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی ناو خودی سیستمی پەروەردەدا هەن و ئەو کاریگەرییانەی کە لەسەر خوێندکارو مامۆستایان جێیدەهێڵن، بە تایبەتی لای ئەوانەی کە وەک کۆچبەر لەو وڵاتەدا ژیان بەسەر دەبەن، گەرچی لەوڵاتی خۆیاندا خاوەنی هەر ئاست و پلەیەکی ڕووناکبیری یان هونەری بوبێتن، بەڵام دواجار لە وڵاتی کۆچبۆکراودا دووچاری جۆرێک لە نامۆبوون و مامەڵەی ناجۆر دەبن. ئەوەی جێی سەرنج بوو لەم کارە شانۆییەدا، شوێنی نمایشکردنەکەبوو کە لە جیاتی تەختەی شانۆ، بریتی بوو لە نمایشکردنی شانۆییەکە لە ئەپارتمانێکی چل نهۆمیدا، کە ناوی (تراکئایزەر)ەو بەرزترین ئەپارتمانی ناو شاری دەنهاخە. نمایش لە هەردوو نهۆمی یەکەم و دوانهۆم واتا چلەمین نهۆمدا بەڕێوەچوو، بێگومان ئەمەش ستایلێکی تازەی کاری شانۆیی ئەم تیپەیە لە شوێندا و هەمیشە شوێنەکانی وەک کەنیسە و مۆزەخانە و فەرمانگە و شوێنە گشتییەکان لە جیاتی تەختەی شانۆ بەکاردەهێنێت. دەقی ئەم نمایشە لەلایەن نووسەر و دەرهێنەری هۆڵەندی(تۆن تەیۆ سمیس) نوسراوەو ئەکتەرو دەرهێنەری هۆڵەندی (لوسیان ڤان ئەمسفۆرت) بۆ شانۆی دەرهێنابوو و بە کاری نواندنیش بەشداریی

له نمایشه‌كه‌دا كردبوو. جگه له هونه‌رمه‌ند سیروان جه‌مال كه وه‌ك هونه‌رمه‌ندێكی كوردی – هۆڵه‌ندی ڕۆڵی یه‌كێك له كاراكته‌ره‌كانی شانۆییه‌كه‌ی به سه‌ركه‌وتوویی بینی و مایه‌ی ڕه‌زامه‌ندیی بینه‌رانی شانۆییه‌كه بوو، ژماره‌یه‌ك له ئه‌كته‌ری به‌ناوبانگی هۆڵه‌ندی به‌شدارییان له نمایشه‌كه‌دا كردبوو، له‌وانه: مۆنیك باس، ماریك مینگێڵن، ڕۆجه‌ر هێلویگ و ژماره‌یه‌ك ئه‌كته‌ری تریش.

جێی وه‌بیرهێنانه‌وه‌یه كه هونه‌رمه‌ندی ناسراو سیروان جه‌مال ئه‌ندامێكی چالاكی تیپی شانۆی (درانگ)ی هۆڵه‌ندییه و ماوه‌ی حه‌وت ساڵه كاری دیزاینی دیكۆر بۆ نمایشه‌كانی ئه‌م تیپه ده‌كات و ماوه‌ی دوو ساڵیشه به كاری نواندن به‌شداریی نمایشه‌كانیان ده‌كات. پێشتریش له نمایشێكی تری شانۆیی ئه‌م تیپه‌دا به ناوی (بینكۆرست) چ وه‌ك كاری دیزاینی دیكۆر و چ وه‌ك ئه‌كته‌ر به‌شداریی كردووه و شانۆییه‌كه له ده‌قی شاكاره‌كه‌ی (دانتی) به ناوی (كۆمێدیای یه‌زدانی) وه‌رگیرابوو و تیایدا باس له توێژ و گروپه كۆمه‌لایه‌تییه په‌راوێزخراوه‌كان ده‌كات. شایانی باسه هه‌ردوو نمایشه‌كه وه‌ك دوو به‌رهه‌می سه‌ركه‌وتووی ئه‌م تیپه مایه‌ی بایه‌خپێدانی ژماره‌یه‌ك كه‌ناڵی ڕۆژنامه‌وانی و ته‌له‌فزیۆنی بوون.

جێی وه‌بیرهێنانه‌وه‌یه كه سیروان جه‌مال له ساڵی ١٩٩٦ه‌وه له وڵاتی هۆڵه‌ندا ده‌ژی و ئه‌و ده‌مه‌شی له‌كوردستان بوو، ئه‌ندامێكی چالاكی تیپی پێشڕه‌وی شانۆی كوردی بوو، هه‌روه‌ها سه‌ركه‌وتووانه سه‌رپه‌رشتیی به‌رنامه‌ی (كه‌شكۆڵ)ی ده‌كرد، كه یه‌كێك بوو له به‌رنامه نایابه‌كانی ته‌له‌فزیۆنی گه‌لی كوردستان – كه‌ناڵی سلێمانی.

(ب. ره‌وه‌ز)
لاهای - هۆڵه‌ندا:



# له‌بری گریان، چیرۆكخوانم

**نوێترین گفتوگۆ له‌گه‌ڵ (ئۆرهان پاموك)دا**

ئۆهان پاموك، له خێزانێكی ده‌وڵه‌مه‌ند له توركیا له‌دایكبووه، كۆلیژی بیناسازیی له كۆلیژی ته‌كنیكیی ئه‌سته‌نبوڵ ته‌واو كردووه، پاشان له كۆلیژی ڕۆژنامه‌نووسی له زانكۆی ئه‌سته‌نبوڵ ده‌ستی به‌خوێندن كرد و له‌و بواره‌دا چه‌ندین به‌رهه‌می هه‌یه. یه‌كه‌مین به‌رهه‌می پاموك، ناوی (تاریكی و نوور)ه‌و له‌لایه‌ن دامه‌زراوه‌ی چاپو په‌خشی میللییه‌ته‌وه خه‌ڵاتی ئه‌ده‌بیی پێبه‌خشرا.

ناوبراو چەندین لێکۆڵینەوەی لەسەر کوشتاری ئەرمەنییەکان لە ساڵانی سەرەتای جەنگی جیهانی یەکەم و کوشتاری کوردەکانی تورکیا (لەسەردەمی ساڵانی ١٩٨٠ تائێستا) هەیە، هەر بۆیەشە لەلایەن شۆڤێنیستەکانی تورکیاوە سکاڵای یاسایی لەسەر تۆمار کراوە.

دواجار لە ساڵی (٢٠٠٧)دا لەلایەن بونیادی نۆبڵەوە بەهۆی سێیەمین بەرهەمی پاموك، کە ناوی (قەڵای سپی)یە خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبیی پێبەخشرا.

ئەمەش نوێترین گفتوگۆیە لەگەڵ پاموکدا کە لە پێشانگەی پەرتوکی فرانکفۆرتی (٢٠٠٨)دا ئەنجام دراوە.

*** *** ***

*نزیکەی دوو ساڵ لەمەوپێش ئاگادارکرایتەوە کە دەبیتە بەدەستهێنەری خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبیات. بە روانینێك بۆ دوو ساڵی ڕابردوو، ئایا ژیانت وەك نووسەر گۆڕانی بەسەردا هاتووە؟

-ئەو ساتەی هەواڵی خەڵاتی نۆبڵم بیست، یەکەمین پاڵنەری لەناکاوی غەریزەیی و بەهێزم بۆ وتنی راستییەکان تیادا بزووت. ئەم خەڵاتە ژیانمی گۆڕی، بەڵام نەریتەکانی کاری نەگۆڕیم. هێشتاش بە دیسپلینێکی ورد، زوو لەخەوهەستان، نووسین، درێژەدان بەم بەرنامەی کات دابەشکردنە و هاوشێوەکانییەوە پابەندم. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، بەڵێ ئەم خەڵاتە ژیانی گۆڕیم، بەناوبانگتری کردم، ئەم هەموو خوێنەرە نوێیەی لەگەڵ خۆیدا هێنا و ژیانمی کەمێ سەختتر کرد، هەر کارێك ئەنجامی دەدەم، سیاسیترە لەو شتەی کە چاوەڕێی بووم.

*ساڵانێك لەمەوپێش کاتێك خەڵاتی ئاشتیی (ریزە پەرتوکی ئەڵمانی)یت وەرگرت، لە فرانکفۆرت وتارێکت پێشکەش کرد و لەوکاتەدا دەربارەی ئەوروپا و تورکیا پەیڤیت، وتت تورکیا خەو بە ئەوروپا دەبینێ و ئەوروپا ناتوانێ خۆی بەبێ تورکیا پێناس بکات، ئایا دوای سێ ساڵ هێشتا لەسەر ئەم تێڕوانینەیت؟

-بەداخەوە لەچەند ساڵی رابردوودا دانوستاندنەکانی نێوان ئەوروپا و تورکیا کەمێ سست بووە. ئەم کارە رەنگە بەهۆی راستڕەوە توندڕەوەکان و سیستەمی فەرمانڕەوا و میلیتاریستەکانەوە بێت کە رەوتی تورکیایان بەرەو یەکێتیی ئەوروپا داخستووە، سەرەڕای ئەمەش نارەزایەتی لە وڵاتانی ئەوروپادا بەتایبەتی لەناو موحافیزکارەکانی فەرەنسا و ئەڵمانیادا هەیە و بەشێوەیەکی لێبراوانە دژ بە ئەندامبوونی تەواوەتیانەی تورکیا تێدەکۆشن. هەربۆیەشە ئەم مەسەلەیە رووبەڕووی کێشە بۆتەوە و بەو ئەندازەیە نەماوە کە دوو ساڵ لەمەوپێش بەروونی دەبینرا. لەبەر ئەم هۆیە ئەم کارە نیگەرانم دەکات، بەڵام نامخاتە گریان، لەبەرئەوەی لە بنەڕەتدا چیرۆکنووسم و ئەگەر کاتێکیش بگریم لەبەرئەوەیە کە نیگەرانم بۆ فەنتازیای پەرتوکەکەم.

*بەهۆی فەنتازیای پەرتوکەکانتانەوە، بەشێوەیەکی بەردەوام هەڕەشەیەکی زۆر لەلایەن گروپە ناسیۆنالیستە توندڕەوەکان و مەزهەبییە زۆر دەمارگیرەکانەوە رووبەڕووی تۆ و ئەوانی تر بۆتەوە. ئایا ئەم کارە کاریگەریی لەسەر ژیانی تۆ لێرە و ژیانی روناکبیری لە تورکیادا هەیە؟

-بەڵێ بەدڵنیاییەوە کاریگەریی لەسەر ژیانم جێهێشتووە. لە راستیدا من بە پاسەوانگەلێکی تایبەتییەوە دەژیم و ژیان بە پاسەوانییەوە شتێکی خۆش نییە. بەدەر لەمە، هێشتاش نیگەرانی ئەو راستڕەوە توندڕەوانەم و هەنوکەش رۆژنامەکان درێژە بە هێرشکردنە سەر من دەدەن. بینینی ئەم هەنگاوانەی دژ بەمنن، نیگەرانم دەکەن. سەرەڕای ئەمەش، هەموو ساڵێك بۆ ماوەی کۆرسێکی خوێندن وانە لە زانکۆی کۆلۆمبیا دەڵێمەوە، پەرتوکەکانم لەساتی بڵاوبوونەوەدان، حەز دەکەم بۆ کۆبوونەوەکان بڕۆم. لەدەرەوەی تورکیا سەرقاڵی گەشتەکانمم و خۆشبەختانە (یاخود بەدبەختانە) نزیکەی نیوەی یاخود زیاتر لە نیوەی کاتەکانم بۆ وانە وتنەوەو شتگەلێکی لەوبارەیەوە تەرخان کردووە. دوو ساڵی رابردوو لە تورکیا بووم، رەنگە ئەمە تا ئەندازەیەك

پەیوەندیی بە خەڵاتی نۆبڵەوە هەبێت. ناوبانگم زیاتر و زیاتر بوو، بەڵام دواجار هەر گەڕامەوە، لە ئەستەنبوڵ مرۆڤایەتیم بینی، ئاااااە من دەزانم چ مرۆڤایەتییەك لە ئەستەنبوڵدا هەیە. ناتوانم ژیان بەبێ ئەستەنبوڵ بدۆزمەوە. من ئێستاش لە شەقامەکانی ئەستەنبوڵدام و دەنۆڕم و چێژ دەبینم و درێژە بە نووسینی چیرۆك دەربارەی ئەستەنبوڵی راستەقینە دەدەم.

*بەم چەشنە دێیتە بەرچاو کە هەوڵ دەدەیت لەنێوان ژیان لە ئەستەنبوڵ و گەشتەکانت و مرۆڤێکی سیاسی و هونەرمەندبووندا بگەیتە هاوسەنگییەك؟

-بەڵێ ناچارم ئەم کارە بکەم. بۆ نموونە من دوورخراوە نیم و ئەوان هەوڵ دەدەن من وەك دوورخراوەیەك پۆلێنبەندی بکەن. من دەڵێم (نەخێر، من دوورخراوە نیم)، من خۆم لە تورکیا چوومەتە دەرەوە، ئەگەر بمەوێ هەر کاتێك حەز بکەم ئەوا دەتوانم ساڵی (٣٦٥) رۆژ لێرە بژیم. بەدرێژایی ئەو نیوساڵەی دەستبەتاڵم، لە نیویۆرك دەژیم و گەشت شتێکی باشە، بەڵام نامەوێ خۆم بچوك بکەمەوە و قوربانییەك لەخۆم دروست بکەم. رەنگە هۆکارەکەشی ئەمەبێت کە من وابەستەی کولتوورێکم کە هیچ کاتێك کۆلۆنیال و قوربانیی نەبووە. حەز ناکەم خۆم بکەمە قوربانیی هێزە نێودەوڵەتییەکان یاخود خۆم بە قوربانی دەستی دەوڵەتی تورکیا نیشان بدەم. لەسەرپێی خۆم راوەستاوم، دەژیم، چێژ لە نووسینی پەرتوك و هاوشێوەکانی وەردەگرم، بەم چەشنە دەنۆڕمە ئەم ژیانە.

*ناتەوێ پردێکی پەیوەندی دروست بکەیت؟

-پردی پەیوەندی قسەیەکی دووبارەیە کە بەهۆی تورکبوونمەوە بەسەر مندا دەسەپێندرێ، بێگومان یەکەمین شت کە هەر مرۆڤێك دەربارەی تورکیا دەیڵێت، لەبەرئەوەیە لەنێوان خۆرهەڵات و خۆرئاوادایە، بەڵام بەرلەوەی پردێکی پەیوەندی بیت، دەبێ مرۆڤبوونی ئەم کولتوورە لە خەمەکانی، خاڵە تاریکەکانی، دیدگا ناماقوڵەکانی، دروشمەکانی، ئومێدبوون بە ئایندە، ساتە هەنوکەییەکانی، لاوازی و بەدبەختییەکانییەوە تێی بگەیت.

بەرلەوەی بڵێین (پردی پەیوەندی) یاخود هەرشتێکی لەوشێوەیە، ئەرکی من بینینی ئەمانەیە. حەز بەئەم جۆرە نمایشانە یاخود بەرنامانە ناکەم، من لەبنەڕەتدا ئەهلی ئەدەبم و چیرۆك دەنووسم. بەڵێ لە پەرتوکەکانمدا، رەهەندێکی فەلسەفیشی تێدایە. وتار دەنووسم تێڕوانینم دەربارەی کولتوورەکان و سیاسەت دەخەمەڕوو، بەڵام لە قۆناغی یەکەمدا من لە بنەڕەتدا چیرۆکخوانم و زۆرینەی ئەم چیرۆکانەش دەربارەی خەڵکە.

*ئێستاش چیرۆکێکی بێ وێنەت بۆ پێشانگەی پەرتوکی فرانکفۆرت (٢٠٠٨) هێناوە، کە بە (مۆزەخانەی بێگەردی) ناودەبرێت، ئەم چیرۆکە رۆمانێکە دەربارەی عەشق، بێگومان چیرۆکی عەشقێکی سەرسوڕهێنەر دەربارەی ئەستەنبوڵ و هەروەها مۆزەخانەکانی. پێموایە ئەمە یەکەمین رۆمانە لە مێژووی ئەدەبیاتدا کە مۆزەخانەیەکی تایبەت بەخۆی هەیە.

-بەڵێ (مۆزەخانەی بێگەردی) دەربارەی عەشقی (کەمال)، مرۆڤێکی وابەستەیە بە چینە باڵاکانی کۆمەڵ، کەسێکە هەندێکجار وەك چینە باڵاکانی کۆمەڵگە وەسف دەکرێت. ئەو لە ساڵی (١٩٧٥)دا تەمەنی (٣٠) ساڵە و عەشقی سەرشێتانەی بۆ خزمێکی دووریان، واتا نەوەی کچە ئامۆزایەکی کە ناوی (فۆسانە) و کارمەندی فرۆشگایە و تەمەنی (١٨) ساڵە، بەڵام زۆر جوانە. ئەو تائەندازەیەك بۆ قەرەبووکردنەوەی شکستەکەی کە بەدەستەوەگرتنی دەستی فۆسانە، هەرشتێ فۆسان دەستی لێدەدات، ئەوا کەمال هەر دەستی پێڕابگات، کۆی دەکاتەوە و سەرەنجام مۆزەخانەیەك لەو شتانە دروست دەکات کە لە رۆمانەکەدا باس کراون.

(مۆزەخانەی بێگەری)ی منیش مۆزەخانەیەکی راستەقینەیە کە هەوڵ دەدات سەرجەم ئەو شتانەی بەوردەکارییەوە لە شوێنی خۆیدا نمایش بکات. نزیکەی شەش ساڵە ئەم شتانە بۆ ئەم مۆزەخانەیە کۆ دەکەمەوە، خانوویەکم کڕی کە نزیکەی (١٠) ساڵ لەمەوپێش، بەشێکی ئەم چیرۆکە لەوێدا روویداوە،

ئەو خانووەم کرد بە مۆزەخانە و هەر لەبەر ئەمەش (مۆزەخانەی بێگەریی) هەم مۆزەخانەیە و هەم رۆمانە. چێژی ئەم رۆمانە و ئەو مۆزەخانەیە، دوای ئەمە دوو شتی جیاوازن، ئەو مۆزەخانەیە نمونەیەکی بینراوی رۆمانەکە نییە و رۆمانەکەش شیکردنەوەیەکی نووسراوانەی مۆزەخانەکە نییە، رەنگە ئەم دوو نمایشە لە چیرۆکێکدا یەکانگیر بن.

*کاتێك دەچینە مۆزەخانەکە دەتوانین تەنها بە دەستلێدان و بینینی ئەو شتە گچکانەی کە لە پەرتوکەکەدا دەردەکەون چیرۆکەکە بهێنینە خەیاڵی خۆمان و قارەمانی چیرۆکەکە لەکۆتاییدا دەڵێت هەموان دەبێ بزانن کە ژیانێکی خۆشم گوزەراندووە، ئایا تۆ وەك ئۆرهان پاموك ژیانێکی خۆش دەگوزەرێنیت؟

-ژیانێکی زۆر خۆشم هەیە، خۆشحاڵم کە خوێنەران بە (٥٨) زمان بوونەتە وەرگرم. ملیۆنەها خوێنەرم هەیە، پەرتوکەکانم لە قووڵایی دڵمەوە دەنووسم و هەرشتێ کە دەینووسم، ئەوانیش دەیخوێننەوە. کاتێك تەمەنم (٢٥) ساڵان بوو بیرم لەوە دەکردەوە دەتوانم ژیانێکی لەمە خۆشترم هەبێت، هەربۆیەشە وازم لە وێنەکێشی هێنا و روومکردە نووسین. هەندێکجار بیر لەوە دەکەمەوە کە سەرجەم خەیاڵەکانم دەربارەی ناوبانگ و پێگە هاتوونەتەدی و زۆر لەوەش زیاترن کە چاوەڕێم دەکرد. دەبێ دانبەوەدا بنێم نووسەرێکی بەختەوەرم.

**و: کارزان محەمەد**



## محەمەد ئەلماغوت:

# شیعر، ئاژەڵێکی کێوییە!

پاش ململانێیەکی دوورودرێژ لەگەڵ نەخۆشیدا، هەروەك سوریا نیوز لەسەرچاوەیەکی پزیشکییەوە پێی زانیبوو لە نەخۆشخانەی خانەی شیفا لەدیمەشق لەتەمەنی حەفتاو دوو ساڵیدا کۆچی دوایی کرد، ئەو لەساڵی ١٩٣٤ لەسلمیە لەدایکبوو لە ساڵی ١٩٤٨دا لەوپەڕی هەژاری و نەداریدا روویکردە دیمەشق، بارێکی قورسی لەخەم و ئازارو نارەزایەتیی مرۆڤایەتی گرتبوو بەکۆڵەوە، هەمیشە ژیانی ئەو پڕ بوو لە ئازار و ئەشکەنجەو خۆشاردنەوە... هەرگیز دیمەنی ئەو ژوورە بچکۆلانانەی بیر نەچۆتەوە کە لە (باب تۆماو ئەبو رمانە) یان لە (عین الکرش) تیایاندا ژیابوو، ئەو

کاتانەی لەبەیروت دەژیا پەیوەندییەکی توندو تۆڵی بە دەستەی گۆڤاری شیعرەوە هەبووە، پاش گەڕانەوەی لە بەیروت لەبواری شانۆ و سینەمادا نووسیویەتی، نۆبەرە بەرهەمەکانی لەبواری شیعر و شانۆ و سینەمادا بەردەوام لە ویژدانی سورییەکاندایە، لەوانەش فیلمی (سنور، راپۆرت) شانۆیی (غوربەت) (کاسەکەت نیشتمان) و چەند کارێکی تری تەلەفزیۆنی.

ماغوت لەو شاعیرانە نەبووە کە هەر بەتەنها شیعریان نووسیوە و هیچ پێناسەو روانینێکیان بۆ شیعر نەبووە، بەڵکو ئەو دەربارەی روانینی خۆی بۆ شیعر دەڵێت: ( شیعر ئاژەڵێکە لە ئاژەڵە کێوییەکان، کێش و سەرواو تەفعیلەکان ماڵی و دەستەمۆی دەکەن، من دەستەمۆکردنی شیعرم رەتکردەوە، وازم لێهێنا هەروەك خۆی ئازاد بێت) گۆڤاری سوریا نیوز لەژمارەی ١٤-٢٦/٧/٢٠٠٧ی خۆیدا دەڵێت: باوەڕمان وایە (پەخشانە شیعر) یەکەمین دەستپێشخەرییەك بوو لەشیعری عەرەبیدا کە لەسەر دڵرەقی و لووتبەرزیی وشە بونیاد نراوە، ئەوەش هەندێك کەسی ترساند، محەمەد ماغوتیش بەیەکێك لە پێشەنگەکانی پەخشانە شیعری نوێ دادەنرێت. لەگرنگترین بەرهەمە شیعرییەکانی ئەمانەن (ژوورێك ملیۆنەها دیواری هەیە- ساڵی ١٩٦٠خانەی گۆڤاری شیعر)، (شادی کاری من نییە- لەبڵاوکراوەکانی یەکێتیی نووسەرانی عەرەب ساڵی ١٩٧٠) .

(جەللادی گوڵەکان) کۆمەڵە دەقێکی ترە کە لەساڵی ٢٠٠١دا بڵاوی کردۆتەوە، هەروەها سیریا نیوز بەرێکەوتن لە گەڵ ماغوت خۆیدا دووبارە کۆمەڵە وتاری (خیانەت لەنیشتمانەکەم دەکەم)یان بۆ چاپ کردەوە، کە پێشتر لە ساڵی ١٩٨٧دا بڵاوکرابووەوە.

ماغوت دەیویست پڕ بە مانای وشەی ئازادی ئازادبێت، بۆیەش جگە لەئازادی، خۆی بەهیچ شتێکی ترەوە نەبەستەوە لە ژیاندا، رەنگە هەر ئەمەش ئەو سیحرەی لە ئێمە کردبێت ماغوت ئەگەر بۆ خۆی قوتابخانەیەك نەبێت ناچێتە هیچ قوتابخانەو پۆلێکی ترەوە، ئەو جگە لە شیعرو ئازادیی رەچەڵەکی ناچێتەوە سەر هیچ شتێکی تر، هەر خۆی دەڵێت: (بەتەنها دەستم پێکرد، بەتەنها کۆتاییم پێهات، وەك مرۆڤێکی بریندار نووسیومە، نەك وەك خاوەن قوتابخانە و تەوژمێکی دیاریکراوانەم).

محەمەد ماغوت لە کتێبی (اغتصاب كان وأخواتها) کە چاوپێکەوتنێکی تارادەیەك دوورو درێژە (خليل صويلح) دەربارەی ژیان و مناڵی و ئەزموونی شیعریی خۆی و بۆچوونی لە سەر کۆمەڵێك لەشاعیرانی عەرەبی هاوچەرخی خۆی سازیداوە لەگەڵیدا، ئێمە لێرەدا تێروانین و بۆچوونی ئەو دەربارەی دیارترین شاعیرەکانمان کردووە بەکوردی، بایەخی تێڕوانینی ماغوت دەربارەی ئەو شاعیرانە و ئەزموونەکانیان بەڕای من بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ماغوت ئازادانە و بەبێ خۆبەستنەوە بە میتۆدە رەخنەییەکانەوە قسە لە ئەزموونی هاوچەرخەکانی خۆی دەکات، ئەم خۆنەبەستنەوەی بە میتۆدی رەخنەوە دەربارەی ئەو شاعیرانەی کە زۆربەیان رووخساری دیاری شیعری نوێی عەرەبین، ئازادییەکی زیاتری پێبەخشیوە، چونکە هەموو میتۆدێکی رەخنەیی کۆمەڵێك یاسا و رێسای خۆی هەیە، کە دەبێت لەکاتی بەکارهێنانی ئەو میتۆدەدا لەبەرچاو بگیرێن، ئەمەش زۆر جار وادەکات کە نەتوانرێت وەکو پێویست تایبەتمەندییەکانی ئەزموونێك ئاشکرا بکرێت.

ئەمرۆ ئەدۆنیس، کە دیارترین شاعیری عەرەبە و زۆرترین قسەی لەسەر دەکرێت و هێشتا رەخنەی عەرەبی ئۆمێدی داهێنانی زیاتری لێی هەیە، کەچی ماغوت لەباسکردنی ئەودا دەڵێت: جارێکیان لە زیندانی ئەلمزە ناسیم، ئەو کاتە شاعیرێکی ناسراوبوو، پاش ئەوەش لەبەیروت بینیمەوە بە گروپی (شیعر)ی ناساندم، بەڵام ئەمرۆ باوەڕم وەهایە هیچ لاری و رێگرییەکی نییە بمدات بەدادگای نۆرمبێرگ، گرفتی ئەو لەوەدایە ئەندێشەی جەنگ دەکات بەبێ ئەوەی لە قوڕاوی سەنگەردا بژێت، ئەو لەرۆژهەڵات مامۆستایە و لە رۆژئاوا خوێندکارە، من چامەی فیکرییم خۆشناوێ، ئەویش هەموو شیعرەکانی فەلسەفەیە... بۆیە لەشیعرەکانی تێناگەم.

لەبارەی یەکێکی تر لەشاعیرە نوێخوازەکانی

عەرەبەوە کە هاوڕێیەکی نزیکی خۆیەتی (یوسف ئەلخال)ەوە دەڵێت: تموحی ئەو بۆ گەشەپێدانی بزووتنەوەی شیعری عەرەبی لەتوانای خۆی گەورەترە، وەك مرۆڤ خۆی زۆر لەشیعرەکانی گرنگترە، تەنانەت ئەو دەسووتێت هەتا ئەوانی تر رۆشن بن.. کاتێ هاتم بۆ بەیروت، هەوڵی دا کارێکم بۆ پەیدا بکات، من و فوئاد پێکەوە رۆشتین و کارەکەمان بە خۆناساندن لەگەڵ سکرتێرەیەکدا دەستپێکرد و پێشنیاری زەواجمان بۆ کرد، هەر بۆیە خاوەن کارەکان پەیوەندییان پێوەکرد تا پێی بڵێن (ئەوانە بۆ کرێکاری هاتوون یان بۆ ژنهێنان).

دەربارەی ئونسی ئەلحاج دەڵێت: لە هاوڕێ هەرە ئازیزەکانمە... وزەیەکی مرۆڤایەتیی لە بن نەهاتووە... پیاوی هەڵوێستە و من لەمرۆڤدا هەڵوێستم خۆش دەوێت.. شیعری ئەو وەك بادە روونە، رووبارێکی ژەهراوی نییە.. شاعیرە و مرۆڤە و هێمنە و خۆشم دەوێت.

هەرچەندە نزار قەبانی بەشێکی زۆری شیعرەکانی خۆی بۆ خۆشەویستیی و ژن تەرخان کردووە، بەڵام ماغوت دەڵێت: شیعرەکانی هەڵچووی رووداوەکانن و لەگەڵ هیچ لێدوانێکی فەرمیی هیچ بەرپرسێکی حکومی لەجیهانی عەرەبیدا جیاوازییان نییە، تەنانەت لەشیعرە شۆڕشگێڕییەکانیدا، هەر دەڵێی یاسر عەرەفات، یان مەتران کەبوچییە... شاعیری گەورەی پرسە بچووکەکانە، باوەڕم وایە تراژیدیای ئەو لەوەدایە نەدەتوانێ خۆشەویستی بکات و نە رق لێبوونەوەی هەبێت، جارێکیان پێی وتم: (تۆ لەهەموومان راستگۆتریت).

ئەگەرچی مەحمود دەرویش بە شاعیری بەرگری لەناو عەرەبدا بەناوبانگە، ماغوت بەیەك رستە لەبارەی ئەوەوە دەدوێت و دەڵێت: شاعیرێکی زۆر بەهرەمەندە بەڵام راستگۆنییە.

هەروەها کەمال خەیری بەگ کە ناوێکی ئامادەو دیاری شیعری نوێی عەرەبییە ماغوت دەڵێت:

پاڵەوانێك بوو، دروشمبازی کوشتی.

ماغوت تەنها سەرسامیی خۆی بە بەدر شاکر ئەلسەیاب دەردەبڕێت، چونکە وەك خۆی دەڵێت لەهەندێك لایەنی ژیانییەوە لەخۆی دەچێت، هاوڕێیەکی بەسۆزمەو لە هەندێك لایەنی ژیانییەوە لەمن دەچێت.. بەردەوام راستی دەفرۆشت.. بەڵام لەدرۆ و دەلەسە زیاتر هیچی نەکڕییەوە، وەك من خاکی و راستگۆ بوو، لەشیعرێکدا ستایشی ئەوم کردووە وتوومە:

(ئەی نائۆمێد لەژیان و لەمەرگی خۆی
گۆڕەکەت سست و خاوە وەك کیسەڵ
هەرگیز ناگاتە بەهەشت
بەهەشت بۆ دوژمنان و ماتۆڕ سوارەکانە

باوەڕم وایە گەورەترین هەڵە کە کردبێتم ئەوەیە، من تەمەنم لەهەڵکشاندایە و سبەینێش مردنم وەك مردنی ئەلسەیاب نابێت.

ئەو لە عەبدولوەهاب ئەلبەیاتی زۆر تورەیەو لەبارەیەوە دەڵێت: هەموو شانازییە ئەدەبی و سیاسییەکانی خۆی لەسەر ئەوە بونیاد دەنێت گوایە هەرچی دەزگای ئاسایشی لەجیهاندا هەیە، شوێن پێی ئەو هەڵدەگرن و دەریدەکەن، لەراستیشدا لەهەموو ژیانی خۆیدا نەچۆتە مەخفەرێکەوە، تەنانەت پۆلیسی هاتوچۆش نەچۆتە سەر رێگای.

دەربارەی زەکەریا تامر دەڵێت: هاوڕێی تەمەن و پیاسەکردن و چایخانەکانمە، ئەو لە نیشتمانی فەخر و شانازیدا پرسەبارە.

لە نێو شاعیرە کلاسیکییەکاندا ئەبو نەواس و موتەنەبیی خۆشدەوێت و دەڵێت: شەیدای غەمم لە شیعرەکانی ئەبو نەواسدا، بەڵام بەداخەوە پرۆگرامە پەروەردەییەکان وێنەی راستەقینەی ئەویان شێواندووە، خودویستی و یاخیبوونی موتەنەبیم خۆش دەوێت، هەندێکجار لە دەربڕینێکدا یان لە پارچە گۆرانییەکدا، شیعرێك دەبینمەوە زیاترە لەوەی کە لە موعەلەقاتی کۆکراوەدا هەیە... گۆرانییەکەی فەیروز (کیفك أنت)، لای من هەموو شیعری ئەلبوحتەری دەهێنێت.(خەلیل سوەیلح) لەکۆتایی چاوپێکەوتنەکەدا پێی دەڵێت: بەکورتی چۆن پێناسەی شاعیر دەکەیت ؟ لەوەڵامدا ماغوت دەڵێت: دەسڕێکی ناسکەو رۆژانە هەزاران

لاپەڕەی خوێناوی لە ژیانماندا پاك دەكەنەوە، ئەوانی تر ڕێگای پڕ درك و داڵی شیعر بە ئۆتۆمبێل دەبڕن و منیش بەپێی پەتی، شیعریش وتەبێژی ڕاستەقینەیە بەناوی مناڵێتییەكی لاڵەوە.

دەسەڵاتی سیاسی چەند جارێك محەمەد ماغوتیان ڕاپێچی زیندانەكانی خۆیان كردووە، بەبێ ئەوەی ئینتیمایەكی سیاسی و ئایدۆلۆژیی هەبووبێت، ئەو تەنها ئینتیمای بۆ شیعر هەبووە، سەبارەت بەئینتیمای سیاسیی خۆی دەڵێت: بۆ گەنجێكی هەژار و تازە هەڵچووی وەكو من، ئینتیمایەكی سیاسی پێویست بوو، ئەوكاتانەش لە دەڤەرەكەی ئێمەدا (ئەلسلمیە)، دوو پارتی سیاسی هەبوون ململانێیان بوو، ئەوانیش پارتی بەعس و پارتی نەتەوەیی سوری بوون، پاش سێ و دوو كردنی دڵی خۆم، بۆم دەركەوت یەكیان لەگەڕەكی ئێمەوە دوورە و سۆپا و ئامێری خۆگەرمكردنەوەیان نییە، بۆیە دووەمیانم هەڵبژارد، بەراشكاوی دەڵێم تەنها دوو لاپەڕەشم لە بیر و باوەڕی نەخوێندەوە، كاتێكیش سەرما و سۆڵە شكا، ئیتر لەیەك كۆبوونەوەیاندا ئامادە نەدەبووم، تەنها یەك جاریش چالاكیم بۆ كردن، ڕایانسپاردم ئابوونەی یەكێك لەگوندەكان كۆ بكەمەوە، كە خۆم لە باخەكانیدا كرێكاریم دەكرد، ئەوەبوو ئابوونەكەم كۆكردەوەو هەر بەو پارەیش پانتۆڵێكم بۆ خۆم كڕی، ئیتر ئەوە ڕوخساری مێوانەكەیە، بەهۆیەوە زیاتر لەجارێك زیندانی كراوم.

**وڕێنەكانی ماغوت**

١.لە هەموو پرسێكدا زەمەن ڕەخنەگری یەكەمە!

٢.پێویستە نووسین بەهەرچ شێوەو بەهەرچ جۆریك بێت، حورمەت بۆ مرۆڤی عەرەب بگێڕێتەوە!

٣.شیعر تاكە حزبی منە!

٤.شادی درەنگ وەخت دێت، وەك تۆڵەكردنەوە وەهایە، لە نەوەیەكەوە بۆ نەوەیەكی تر، پێویستە بەر لەوەی لەشادیدا ئامادەبین، سەزەنشتی خەم بكەین.!

٥.شادی بەو شێوەی كە من ئەندێشەی دەكەم بەدەستهێنانی دژوارە، وەك بەدەستهێنانەوەی مناڵی لای پیرێك كە خۆی داوە بەسەر گۆچانەكەیدا، كوتومت لەو دەچێت!

٦.زیندان تەنانەت لەخەونەكانیشتدا دڵەڕاوكێ و نائارامییە!

٧.داهێنەر بەگشتی لە ڕۆژهەڵاتدا، لە پشیلەیەكی برسیی بەردەم دوكانێكی موعەلەبات دەچێت!.

٨.قارەمانێتی لەچەرخی ئێمەدا وەك پوولی یادگاری دەگمەنە!

٩.من بەسروشت ڕەشبینم، تەنانەت لەپێكدا تەنها نیوە بەتاڵەكەی دەبینم!

١٠.خەونەكان وەك گوڵەكان وەهان، كە سیس بوون دووبارە ناگەشێنەوە!

١١.ئافرەت لای من تەنها جەستە یان پەیكەرێك لە گۆشت نییە، بۆ ناو جێگە و خەپەتۆڵەكردن بێت.!

١٢.لە هەموو ژیانمدا هەستم بە ئازادی نەكردووە!

١٣.زمان لەخراپ بەكارهێناندا بۆگەن بووە، بەڵكو لەسەر دەستی جەجاڵگەلێك لە وتار بێژ و شاعیرەكاندا ئەتككراوەو كچێنی لەدەستداوە!

١٤.هیچ شتێك هێندەی ستایشكردن نامشڵەژێنێت!

١٥.ئەم چەرخە دژی كارامەییە.!

١٦.لەوێدا (نـــا) ئەبەدییەك هەیە هاوڕێیەتی كردووم و هاوڕێیەتیم دەكات!.

١٧.هیچ شتێكی ڕۆژهەڵاتی نییە، برێك لە خیانەتی تێدا نەبێت!

١٨.ستەمكار لەژمارەی پێوانەیی دەچێت، ڕۆژێك هەر دەشكێت!

**هەندێك لە شیعرەكانی محەمەد ئەلماغوت**

(ڕێـــــــگای ئاوریشم)

هەموو ڕۆژێك لەنیشتمانەكەمدا
شانازییەكی نوێ
شورەییەكی نوێ
دەدۆزمەوە
هەواڵێك سەر بەرزدەكاتەوە
هەواڵێكیتر خوێن.
پەنا بۆ تووتن
و عارەق
و حەپ
و كەلووەكانی بەخت دەبەم
توانای خەیاڵ سەبرم لەبەر دەبڕێ و ئیتر سنورێكی

ئاشکرا یان ئارامم لەنێوان شانازی و شورەییدا بۆ نامێنێتەوە
لەنێوان ئۆمێد و بێزاری
شادی و دڵتەنگی
بەهار و پایز
هاوین و زستان
موزەکەرو موئەنەس
و مەرفوع و مەنسوب
ئەها من جوانترین و دواین شیعرەکانم دەئاخنمە گوێم و پەنجەم دەخەمە سەر کۆڵەوڕۆ من دڵنیام پێچی دووکەڵ وەك گوللەی راستەقینە بەئاسماندا بەرز دەبێتەوە.

**(چراوگی فەلەستین)**
شمشێرەکان لە دیمەشق..و
گەردنەکان لە لوبنانن
شکست لە فەلەستینە..
شیوەن لە ئێرانە
برسێتی لەسودان و
پیتاك لە سعودیە
کل لەیەمەن..
چاوەکان لە ئەردەنن
بەهار لە غۆتە*
پایز لە قاسییەکان **
تەپڵ لە حەرستا
بوك لە دۆمـــــا ***
سەردەمی پاڵەوانبازی و دروشمبازی بەسەرچوون
سەردەمی پاڵەوانبازیو دروشمبازی دەستیان پێکرد
سەردەمی خیانەت و بیانوو دەستیان پێکرد
لەگەڵ ئەوەشدا پێکەنینی منالاَن و جریوەی باڵندەکان
لە سندوقدا و بەشان لە جێگایەکەوە بۆ جێگایەکی تر دەگوێزرێتەوە
وەك چۆن کەرەستەی راوو شکارو زینە
دەبرێن بۆ راوگەی پادشاو سەرۆکەکان!

*ئەلغۆتە کۆمەڵە باخێکی میوەیە لە دیمەشق و بە زێی _ بەرەدی _ئاو دەدرێن

** قاسیون شاخێکە بە سەر سوریادا دەڕوانێت.
** *دوما- شارێکە لەسوریا سەنتەری قەزاکانی پارێزگای دیمەشقە، هەروەها شارێکیشە لە باکووری لوبنان.

**(دوا تارمایی سونییە)**
لەسەردەمی هەڵمینەوە
هاوپەیمانێتی و مەشق و فڕۆکەکان
جیهان و ناوچەکە دادەپۆشن
هاوپەیمانێتیی سەربازی،
رۆشنبیری،
ئابووری،
گەمەی نەتەوەکان،
ململانێکردن لەسەر نەوت،
ململانێکردن لەسەر ناوچەکە،
واتە ململانێ لەسەر سوریاو
سوریا خۆشەویستی منە
خۆشەویستەکەم
دەستی نیوە نووقاوی لەدەرەوەی گۆڕەوە درێژدەکات
تا باڵندە غەریبەکان لەئاسمان و لە زەوییەکەی بخۆنەوە.
*ئەم شیعرانە لە (ألمستقبل)ی لوبنانییەوە وەرگیراون لە ژمارەی ٢٣ی ئازار
*چاوپێکەوتنەکە لە کتێبی (أغتصاب کان وأخواتها) وەرگیراوە.

**و: حسێن لەتیف**



# ڕازەکانی (لیۆناردۆ داڤنشی) لە تابلۆی (مۆنالیزا)دا

تابلۆی زەردەخەنەیی (جیۆکەندا) یاخود ئەوەی کە هەندێك پێی دەڵێن (زەردەخەنەی مانادار) کە نزیکەی (٥٠٠) ساڵ زیاترە لەلایەن هونەرمەندی بەتوانا و داهێنەرەوە (لیۆناردۆ داڤنشی)یەوە دروست کراوە، ساڵەهای ساڵە ئەم تابلۆیە ملیۆنەها مرۆڤی بۆ مۆزەخانەی (لۆڤەر) لەپاریس ڕاکێشاوە.

چەندین سەرنج و تێبینی سەبارەت بەم کارە هونەرییە ناوازەیە وتراوە و تائێستاش چەندین لێکۆڵینەوەی لە بارەوە ئەنجام دراوە و دەدرێت.

(لیۆناردۆ داڤنشی) دروستکەری ئەم تابلۆ بەناوبانگە ساڵی (١٤٥٢) لە (ئانشیانۆ) کە لادێیەکی بچوکی سەر بە شاری(ڤنشی) و لە بنەماڵەیەکی هەژار لەدایکبووە (ڤنشی)یەو شارێکە دەکەوێتە نێوان (بیزا) و (فلۆرانس)ەوە و هەر لەسەر ئەم شارەش ناونراوە لە هەرێمی (تۆسکانیا)*.

پاشان بە مەبەستی فێربوون بە شاگردی دەینێرن بۆ ئەتیلەی (ڤیریکۆ) کە لە ساڵانی (١٤٣٥_١٤٨٨) وێنەکێش و پەیکەرتاش بووە، لەو سەردەمەدا ناوبانگێکی فراوانی هەبووە، تەنانەت ناوبانگێکی وا کە دروستکردنی شار و لەوەش زیاتر دروستکردنی مۆنۆمێنتی (پارتۆ لۆمینۆ کۆلۆنی)یان بە ئەو سپارد.

داڤینشی هەرلەوێ فێری کارکردن دەبێت لە ئیشی کانزایی و شارەزاییەکی باشیش لە کاری هونەری قاڵب و پەیکەردا وەردەگرێت.

(داڤینشی) لە تەمەنی (٢٦) ساڵیدا خوێندن تەواو دەکات و دەچێتە ناو کۆمەڵی وێنەکێشانەوە، هەر لەو ساڵەدا ئامێرێکی مۆسیقای نوێ دروستدەکات و ناوی (عود)ی لێدەنێت.

کارەکانی لە چوار بواری سەرەکی و زۆر گرنگدا چڕبونەتەوە، ئەوانیش (وێنەکێشان، بیناسازی، ڕەگەزە میکانیکییەکان، ئاناتۆمی مرۆڤ ).

(داڤینشی) ساڵی (١٥٠٠) لە تەمەنی (٤٨) ساڵیدا گەڕایەوە بۆ (فلۆرانس) و ماوەی (٦) ساڵ لەوێ مایەوە، ساڵی (١٥٠٣) دەستی بەکێشانی تابلۆی (مۆنالیزا) کردو هەر لەو ماوەیەدا بوو کە جوانترین بەرهەمی خۆی واتە تابلۆی (مۆنالیزا) یاخود (زەردەخەنەی جیوکەندا)ی کێشا.

(لۆناردۆ داڤینشی) خولقێنەری ئەم تابلۆ سەرسوڕهێنەرە، لە کاتی دروستکردنی تابلۆی (مۆنالیزا)دا بەردەوام ڕووبەڕووی دوو پرسیاری بنچینەیی بووەتەوە:

یەکەم: بۆ ئەم ژنە وەها زەردەخەنەیەك بەسەر لێوەکانیەوەیە؟

دووهەم: ئایا ئەم ژنە لە ڕاستی دا کێیە؟

ئەوەمان لە یاد نەچێت زۆربەی کارەکانی (داڤینشی) هەڵگری واتا و ڕازی تایبەت بەخۆیانن و هەر ئەمەش بووەتە هۆی زیاتر ناساندنی لە جیهاندا.

بەڵام لە نێوان بەڵگە جۆراوجۆرەکاندا (مۆنالیزا) بە هۆی دوو خاڵەوە لە سەرانسەری دونیادا ناسراوە، ئەوانیش ...

یەکەم: بەهۆی ئەو زەردەخەنە سەیرەی کە لە ڕوخساری ئەو ئافرەتەدا هەیە.

دووهەم: لەبەر ئەوەی لەلایەن ناسراوترین نیگارکێشی ڕێنیسانس (لیوناردۆ داڤینشی)یەوە کێشراوە.

چەندین لێکۆڵینەوە کراوە لەسەر ئەم وێنەیە، کە ئایا ئەم وێنەیە بەڕاستی پیاوە یان ژنە!

لەم ساڵانەی دواییدا توێژەرێکی (ئەڵمان)ی لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەیەکیدا پەی بە ڕازێك و نهێنییەکی تازە بردووە، ئەم لێکۆڵەرەوەیە کە بەڕێوبەری کتێبخانەیە لە زانکۆی (هایدلبێرگ)ە دەڵێت: پاش وردبوونەوە و لێکۆڵینەوەیەکی زۆر بۆ زانینی خاوەنی ئەم وێنەیە (مۆنالیزا) بۆم دەرکەوت کە هاوسەری بازرگانێکی (فلۆرانسی) بووە و لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەیەکی تر کە ساڵ و نیوێك لەمەوبەر لە لایەن شارەزایانی وڵاتی (کەنەدا)وە ئەنجامدرا ڕایانگەیاند کە جۆری زەردەخەنەی (مۆنالیزا) ئەوە نیشان دەدات کە ئەم ژنە لەکاتی وێنەکێشانی دەموچاویدا یان سکی پڕبووە یاخود تازەیی منداڵی بووە و ئەم شارەزایانە باوەڕیان وایە ئەو شێوە جلوبەرگەی کە لەبەری (مۆنالیزا)دایە (ئاوەدامان) بووە، هەمان ئەو جلوبەرگانەیە کە ژنانی دووگیان لەسەدەی شانزەهەمدا لەبەریان کردووە.

بەشێکی سەرەنجراکێشیی دیکەی وردبوونەوەیە لە خودی زەردەخەنەکەیە، دەمارناسێکی ئەڵمانی لەو بڕوایەدایە کە زەردەخەنەی (مۆنالیزا) بەهۆی هەڵەی هەستێکەوەیە کە لە چاوی مرۆڤدایە و لەکاتی هەماهەنگکردنی وێنەکاندا دروست دەبێت.

ئەم لێکۆڵەرەوەیە لەکۆنگرەیەك کە لە (ئیسپانیا)دا بەسترا ئەمەی ڕاگەیاند، هەندێك باوەڕیان وایە کە ئەم بۆچوونە کلیلێکە بۆ ئاشکراکردنی ڕازی (٥٠٠) ساڵەی تابلۆی بەناوبانگترین وێنەکێش کە (لیۆنادۆ داڤینشی)یە.

لێکۆڵەرەوەیەك کە مامۆستای زانکۆی (هارفارد)ە ئەوەی ئاشکراکرد کە: هونەرمەندان لێکۆڵینەوەیان سەبارەت بە نێرەری بینای مێشکیان لە پێش ئێمەی دەمارناسەکانەوە دەست پێکردووە، کاتێك (داڤینشی) لە سەدەی شانزەهەمدا ئەم وێنەیەی کێشاوە، بەشەکانی دەموچاوی بەشێوەیەك کێشاوە کە کاتێك کەسێك تەماشای لێوەکانی دەکات، لە یەککاتدا زەردەخەنەکە نامێنێت و هەر لەوکاتەدا تەماشای بەشێکی تری وێنەکە دەکەیت زەردەخەنەکە دروست دەبێتەوە!

(داڤینشی) ئەم هەڵەی هەستییەی لەگەڵ هەڵەکانی بینایی کە ئەمڕۆ لە زانستی پزیشکیدا واتا و بناغەیەکی زانستیی هەیە تیکەڵکردووە و هەروەها زانیوویەتی کە چاوی مرۆڤ دیدیکی تەواو سێنترالی هەیە لەگەڵ هەموو ئەمەشدا ئەم دیتنە سێنتراڵە، هەرچەندە هەمان وردبینی لەسەر دیاریکردنی وردەکارییەکان و لەبارەی جەستەیەکی قابیلی بینین بە توانایە..

لە تایبەتمەندییەکانی ئەم تابلۆ سەیرە بریتین لەمانە:

* وەك باسکرا سەرەتای دەستکردن بە کێشانی ئەم تابلۆیە لەساڵی (١٥٠٣)وە لەساڵی (١٥٠٧) تەواو بوو واتە کێشانی ئەم تابلۆیە (٤) ساڵی خایاندووە.

* ئەو شێوەیەی کە (داڤینشی) لە دروستکردنی چاوەکانی (مۆنالیزا)دا بەکاری هێناوە وایکردووە لە هەر گۆشە و زاویەیەکی وێنەکەوە تەماشای بکەیت چاوەکانی (مۆنالیزا) تەماشات دەکات!.

* ئەو زەردەخەنە شاراوەی کە لەسەر لێوەکانی (مۆنالیزا)یە تەنها لەکاتێکدا دەبینرێت کە تۆ تەماشای

هەرجێگەیەکی تری وێنەکە بکەیت جگە لە لێوەکانی کە تەماشای لێوەکانیت کرد زەردەخەنەکە نامێنێت.

* شێوازی دانیشتنەکەی (مۆنالیزا) کە (ئانیشکی دەستی چەپ لەسەر دەسکی کورسییەکەیە و ناو لەپی دەستی ڕاستی لەسەر مەچەکی چەپ) هێشتا شێوازێکی جوانی وێنەگرتنە لای وێنەگران.

*ئەو پردەی کە لە پشتی شانی چەپی (مۆنالیزا)دایە هێشتا بە یەکێك لە شتە سەرەنجراکێشەکانی شاری (بورۆنۆ) دادەنرێت.

* شەویلگەکانی (مۆنالیزا) پیاوانەن و هەندێك بروایان وایە کە (داڤینشی) ڕووخساری خۆی کێشابێت.

* لەم وێنەیەدا دەستەکانی (مۆنالیزا) هەڵئاوساون، بە باوەڕی هەندێك ئەمە بەڵگەیەکە لەسەر دووگیانبوونی (مۆنالیزا)، لەلایەکی ترەوە (مۆنالیزا) ئەڵقەی لەدەستدا نییە تا ئەوە نیشانبدات کە شووی کردبێت!

لە ماوەی ئەم چەند سەدەیەدا لێکۆڵەرەوەکان چەندین گریمانەیان لەمەڕ تابلۆی (مۆنالیزا) داناوە.

هەندێکیان دەڵێن: ئەم تابلۆیە وێنەی هاوسەری (گیولیانۆمەدیسی)یە کە یەکێك بوون لەخێزانە ئەشرافزادەکانی سەدەی پانزەهەم، یان هاوسەری شازادە (کارل ئامبویس)بووە، هەندێکی دیکە لە لێکۆڵەرەوەکان باوەڕیان وابووە لە کێشانی ئەم تابلۆیەدا کەسێکی تایبەت دیارینەکراوە (داڤینشی) بە خەیاڵ وێنەی ژنێکی کێشاوە و هەندێکیان باوەڕیان وابووە زۆرتر شێوەی وێنەکێشەکە دەدات واتە (داڤینشی) وێنەی خۆی کێشاوە، هەندێکیش لە لێکۆڵەرەوەکان باوەڕیان وابووە کە (داڤینشی) وێنەی دایکی کێشاوە، هەندێکیان باوەڕیان وایە کە (داڤینشی) پاش گەڕانەوەی بۆ (فلۆرانس) لەساڵی (١٥٠٠) تا (١٥٠٦) وێنەی (مۆنالیزا جیۆکەندا) سێهەمین خێزانی بازرگانی ئاوریشم کە ناوی (فرانسشسکۆ دیل جیۆکەندا)ی کێشاوە.

سەرەنجام لە (١٤/١/٢٠٠٨)دا بەڕێوەبەری



کتێبخانەی زانکۆی (هایدل بێرگ) لە (ئەڵمانیا) کە ناوی (وایت پرۆبست)ە، ڕایگەیاند: بەپێی ئەو نووسراوانەی کە لەحاشیەی یەکێك لەکتێبەکانی ناو کتێبخانەکەدا نووسراوە کە بۆ ساڵی (١٥٠٣) دەگەڕێتەوە، ئەو ژنەی کە لە بەناوبانگترین تابلۆی (داڤینشی) زەردەخەنەی سەرسوڕهێنەری لە سەرلێوە (مۆنالیزا جیۆکەندۆ)یە، خێزانی ( فرانسشسکۆ دلّ جیوکەندا)یە، کە بازرگانی بەناوبانگی ئاوریشمە و خەڵکی (فلۆرانسا)یە، ئەم تابلۆیەی بە بۆنەی کڕینی خانوویەکی تازە و لەدایکبوونی کوڕەکەی داوای لە (داڤینشی) کردووە تابلۆیەکی بۆ بکێشێت.

لێکۆڵەرەوەکان بەردەوام ڕووبەڕووی چەندین پرسیار دەبنەوە، ئایا ئەم وێنەیە بەڕاستی (مۆنالیزا)یە؟ و ئەگەر ئەم تابلۆیە لەلایەن کەسێکەوە داوا کراوە (داڤینشی) پاش تەواوبوونی بۆ تابلۆکەی نەداوەتەوە بە خاوەنەکەی!؟ بۆ لەگەڵ خۆی دەیبات بۆ (فەرەنسا) و ماوەیەك پێش مردنی دەیفرۆشێتە

پاشای (فەڕەنسا)؟.

لەساڵانی ڕابردوودا (سکان)ێکی ورد لەم وێنەیە گیراوە و ئەم کارەش ئەوەی بۆ شارەزایان ئاسانکرد کە بەوردی لەم وێنەیە بکۆڵنەوە، (جان تیلڤەر) لە ئەنجومەنی لێکۆڵەرەوانی (کەنەدا) دەڵێت: بچوکترین شوێنەواری قەڵەم نە لەو گوڵانەی کە لەسەر جلوبەرگەکەی نە لەمووەکانیدا بەهیچ شێوەیەك دیارنییە لە درێژەی وتەکانیدا وتی: ئەم کارەش نیشانەی بە توانایی هونەرمەندە کە دەیسەلمێنێت ئێمە نازانین  چۆن ڕەنگەکانی لەسەر ئەم تابلۆیە بەکارهێناوە لەلای بینەرانی ئەمڕۆ پرسیارێك هەیە کە بۆچی (مۆنالیزا) ئەبرۆی نییە؟ دەوترێت کە نەبوونی ئەبرۆ یەکێك بووە لە جوانییەکانی ئەو سەردەمە.

(داڤینشی) ئەم تابلۆیەی زۆر خۆشویستووە و هەرگیز لەخۆی جودانەکردۆتەوە کاتێك (داڤینشی) لەلایەن (فرانسوا) پادشای (فەڕەنسا) دەعوەتکرا، دەعوەتەکەی قبوڵکرد تابلۆکەی (مۆنالیزا) لە لایەن پاشای (فەڕەنسا) کڕدرا و بووە یەکێك لە کارە هونەرییەکان و خرایە ناو کارە هونەرییەکانی (فەڕەنسا)وە.

پاش کودەتا و شۆڕشەکانی (فەڕەنسا) ئەم تابلۆیە گواسترایەوە بۆ مۆزەخانەی (لۆڤەر) لە (پاریس)، بەڵام (ناپلیۆن) ئەم تابلۆیەی لەوێ دەرهێنا و لەژووری نووستنەکەی خۆیدا هەڵیواسی، پاشان جارێکی دیکە (مۆنالیزا) گەڕێنرایەوە بۆ مۆزەخانەی (لۆڤەر)، دواتر و لە ساڵی (١٩١١)دا (مۆنالیزا) لەلایەن وێنەکێشێکی تەمەن (٣١) ساڵەوە کە ناوی (پڕۆجیا)بوو لە مۆزەخانەی (لۆڤەر) دزرا، ئەم کارە بە یەکێك لەڕووداوە ناخۆشەکان بۆ مۆزەخانەی (لۆڤەر) دادەنرێت، لەبەرئەوە حکومەتی (فەڕەنسا)ی ناچارکرد بەڕێوبەری مۆزەخانەکە لەسەرکار لاببات و ماوەی (٣) ساڵ ڕووداوی ئەم تابلۆ دزینە بووە مانشێتی زۆرینەی ڕۆژنامەکان.

تا ئەو کاتەی بەرپرسانی مۆزەخانەی (لۆڤەر) نامەیەکیان بەدەستگەیشت کە بەرپرسانی (ئیتالیا) نووسیبوویان پیاوێکیان گرتووە ناوی (وینچنزو پروجیا)یە، کە فرۆشتویەتی بە کابرایەکی دەڵاڵ، پاش گرتنی دزەکە، تابلۆیەکە لە (١٩١٤/١/٤) واتە (٣) ساڵ پاش دزینی گەڕێنرایەوە بۆ مۆزەخانەی (لۆڤەر).

لە یەکێك لە ڕێگا گەورەکانی مۆزەخانەی (لۆڤەر) لەناو سندوقێکی گوللەنەبڕدایە کە زۆربەی کات خەڵکێکی زۆر لێی کۆبوونەتەوە، پلەی گەرمی و ڕادەی شێی ناو ئەو سندوقە لەلایەن شارەزایانەوە هەموو ساڵێك دەپشکێنرێت وە هەمیشە بەکامێرای شاراوە لەژێر چاودێریی ورد دایە. هەموو ئەم کارانە بۆ پارێزگاریکردنی ئەم تابلۆیە دەکرێت کە ناسراوترین کاری هونەرمەند (داڤینشی)یە. شایەنی باسە (٥٢) ساڵ لەمەوبەریش لەلایەن کەسێکەوە هەندێك تێزاب کرا بە خوارووی تابلۆکەدا، بەڵام لەلایەن شارەزایانەوە چاککرایەوە.

خاڵی کۆتایی ئەوەیە لە (١٥١٩/٥/٢) لەتەمەنی (٦٧) ساڵیدا(داڤینشی) لە (فەڕەنسا) کۆچی دواییکرد. لەکاتی مردنیدا (فرانسیس) پاشا لە کەناریدا بووە و سەری (داڤینشی)ی لەباوەش گرتووە.

---

**پەراوێزەکان** :

١. گۆڤاری (راە زندگی).

٢. *هونەری ئەورووپی، ن. وەهبی ڕەسوڵ

**عیرفان محەمەد**



# بۆرخیس... ئەرژەنتینییەکی تووڕە!

فەڕەنسییەکان زیاد لە هەموو نووسەرێکی ئەمەریکای لاتین گرنگی بە بەرهەمەکانی بۆرخیس دەدەن، رەنگە هۆکاری ئەم گرنگیدانەش زۆربێت، بەڵام دیارترینیان ئەو هۆکارەیە کە بۆرخیس بەشێکی بەرهەمەکانی بە زمانی فەڕەنسی نووسیوەو شارەزاییەکی باشی لە ئەدەبیاتی فەڕەسیدا هەبووە، بەتایبەتیش لە سەرەتاکانی سەدەی بیست ئەدەبی فەڕەنسی بەشێکی زۆری ئەدەبیاتی ئەمەریکای لاتین بە گشتی و ئەرژەنتین بە تایبەتی داپۆشیبوو.

بۆرخیس بە دەر لە زمانی دایکی، زمانی ئینگلیزی و ئیسپانی و ئەڵمانیی بە باشی زانیوە، بەهۆی ئەوەی بەکالۆرێسی لە سویسرا بەدەستهێناوە، دوای ئەوەی باوکی ساڵی ١٩١٥ خێزانەکەی هەموویانی بردە جنێف و بەهۆی ئەوەی نزیکەی هەشت ساڵ لەوێ مانەوەو خوێندنی لەو وڵاتە تەواوکرد، ئەمە هاندەرێکی باش بوو بۆ فێربوونی زمانی فەڕەنسی لەو وڵاتەی کە بەشێکی زۆری سویسرییەکان خوێندنیان بە فەڕەنسییە، ئەمە یەکێکە لەو هۆکارانەی وای لە فەڕەنسییەکان کردووە هەردەم بە چاوێکی تیژەوە لە بەرهەمەکانی ئەو بڕوانن، لە خۆڕانییە زیاد لە چەند جارێك و چەند وەرگێڕێك کتێبەکانی ئەم نووسەرەیان کردووە بە فەڕەنسی، ئەمە جگە لەوەی چەندین کۆمەڵە شیعری بە ناوبانگی ئەو ئێستا لە کتێبخانەکانی فەڕەنسادا هەیە، کە رەنگە ئەرژەنتینییەکان و کتێبخانەی ئەرژەنتینی ئەو کتێبانەی تێدا نەبێت.

ئەم حاڵەتانە وایکرد بەردەوام چاوی تیژی ئەدەبی فەڕەنسی لەسەر ئەم نووسەرە داهێنەرە بێت، بە تایبەتیش لەسەر شیعر و رۆمانەکانی ئەمە پێچەوانەی ئەو نەریتەی ئەدەبی فەڕەنسی کە زۆر بە درەنگ تیشکی خوێندنەوەیان دەخەنە سەر نووسەرێکی نا فەڕەنسی.

لەو ماوەیەدا تەنها لە فەڕەنسا زیاتر لە بیست خەڵاتی ئەدەبیی وەرگرتووە، دیارترینیان ساڵی ١٩٦١ بوو، کە خەڵاتێك بوو فەڕەنسییەکان ناوی دەبەن بە (نۆبڵی پاریس) بە هاوبەشی لەگەڵ نووسەری فەڕەنسیی بە رەگەز ئیرلەندی (سمۆئیل بیکێت) لە مەراسیمی وەرگرتنی خەڵاتەکەدا بیکێت بۆ یەکەم جار پێچەوانەی سروشتە بێدەنگەکەی خۆی و کارەکتەری دەقەکانی، وتارێکی دووروودرێژی پێشکەشکرد، لە وتارەکەیدا وتی:(شەرمەزارییەکی گەورەیە بۆ من لەگەڵ یەکێك لە گەورەترین و داهێنەرترین نووسەرانی ئەمەریکای لاتین خەڵات وەربگرن، ئەو نووسەرێکی تووڕە، پڕ لە دەنگ، پڕ لە قسە و پڕ لە داهێنان،

منێکی بێدەنگ، بێ داهێنان و گەلحۆ، ناکرێت ئەم دوو مرۆڤە ئێستا لە شانی یەکتردابن، بۆیە داواکارم بە بەزەیی خۆتان ئەم هەڵەیەتان راستبکەنەوە، چونکە بۆرخیس لای من دەمێکە جێگەی نیتشە و شکسپیری گرتووەتەوە، هەربۆیە من بانگی دەکەمە سەر تەختەی شانۆ و پێی دەڵێم بۆرخیس.. ئەرژەنتینییەکی تووڕە، با بێتە سەرەوەو خەڵاتەکەی وەرگرێت، منیش بە شەرمەوە لەو پەنایەوە دادەنیشم، با تیشکی کامێراکان لەو بدرێت نەك من، منێکی بێدەنگ، ئەوێکی تووڕە!)

بەدەر لە چیرۆك و شیعرەکانی بۆرخیس، یەکێکی تر لەو کتێبانەی کە ئەمڕۆ لە کتێبخانەی فەڕەنسیدا جێگەی سەرنج و خوێندنەوەیە، کتێبی (حیکایەتەکانی ژیانی بۆرخیس)ە، کە ئەم کتێبە لەلایەن پسپۆڕی ئەدەبی ئەمەریکای لاتین (ئیدوین ولیامسۆن) نووسراوە، ئەم کتێبە چەندین جار ژمارەی پێوانەیی بڕیوە لە چاپ و بڵاوکردنەوەدا، چونکە لەم کتێبەدا چەندین سەرگوزشتە و چیرۆکی تایبەتمەندی ژیانی تایبەتی و گشتیی بۆرخیس خراوەتە ڕوو، کە بەلای خوێنەری بەرهەمەکانی بۆرخیسەوە جێگەی بایەخن، بە تایبەتی لە ژیانی بۆرخیس و کتێب و خوێندنەوە، هەرچەندە ئەو بە نووسەرێکی تووڕە لە دەقەکانیدا ناودەبرێت، بەڵام هەمیشە خۆی وتویەتی (من تووڕەیەکی هێمنم، تووڕەم لە ناخدا، هێمنم لە روخساردا) ئەو دەڵێت: (خودای من، تۆ دوو شتی گەورەو جیاوازت بە من بەخشیووە، ئەوانیش (کتێب و کوێری)ن، ئای ئەم دوو شتە دژ بە یەك و ناوازەن، بەڵام من پێشوازییان لێدەکەم و پێیان رازیم.)

**لە فەرەنسییەوە: گۆران سەعید**

# هەواڵی ئەدیبان

## *زمانی دەریا و هی بەڕیا

هەردوو مەلحەمەی شیعریی هۆمیرۆس کە بەئەلیازەو ئۆدیسە ناسراون‌و بەشێکی گرنگن لە ئەدەبی کۆنی یۆنانی، بۆ سەر هەموو زمانە زیندووەکانی دنیا وەرگێڕدراون (نەکراونەتە کوردی!).

کەچی دووجاران لەلایەن عەرەبەوە وەرگێڕدراون‌و بەم دواییە حنا عبود نووسەرو رەخنەگری سوری، ئەو نوسخە ئینگلیزییەی کردۆتە عەرەبی کە کاتی خۆی شاعیری ئینگلیز سامۆئیل بەتلەر لە یۆنانییەوە دایرشتۆتەوە.

حنا جگە لە وەرگێڕانی هەردوو دەقەکە دوو پێشەکیی تێروتەسەلەیشی بۆ نووسیون‌و فەرهەنگی تایبەت بەشوێن‌و ئەو کەسایەتییانەشی ئامادەکردووە کە ناویان لە دەقەکەدا هاتووە. جەنگی تەرِوادە کرۆکی دەقی ئەلیازەیە، کە هەمووی باسی گەمارۆدانی ئەو شارەو شەری پاڵەوانەکان دەکاو تێیدا خواوەندەکانیش دەبنە دووبەرە، یەکیان کە زۆرینەن لەگەڵ گریکدا دەبن‌و کەمینەش لەگەڵ تەروادییەکان. کەچی ئۆدیسە باسی گەرانەوەی پاڵەوانەکان دەکا بۆ وڵاتی خۆیان، لە ناویشیاندا ئۆدیسۆس‌و جیهانی دەقەکە هی ژیان‌و بوونەوەرە ئەفسانەییەکانی دەریایەو جەنگی ئەو پاڵەوانانە لەگەڵ ئەوانەو تاکە جەنگێك کە لەگەڵ مرۆڤدا هەبێ لە ئۆدیسەدا جەنگی ئۆدیسۆسە لەگەڵ ئەوانەی بنلۆبی خێزانیان لەخۆیان مارەکردووە لە دووری ئەودا. بۆیە هەندێك لە رەخنەگرەکان بەزمانی ئەلیازە دەڵێن هی بەڕیاو بەزمانی ئۆدیسە دەڵێن هی دەریا.

## *ئۆسکاری ئەدەب لە ئەمریکا:

خەڵاتی نیشتمانیی کتێب لە ئەمریکا کە بەئۆسکاری ئەدەبی ناسراوەو تەمەنی هەشتاو پێنج ساڵە، هەموو کات لە مانهاتن کۆبوونەوەی تایبەتی بۆ دەکریۆ خەڵات دەدرێتە باشترین کتێب لە بوارەکانی رۆمان‌و شیعرو ئەدەبی لاوان. ئەمساڵ لە ناو هەرای (وۆل ستریت)دا کە هەمووان سەرقاڵی دابەزینی پشکی پارەبوون، ئۆسکار زۆرترین ئامادەبوونی بەخۆیەوە بینی لە چاو ساڵانی پێشوودا، لە کاتێکدا پیتاکی بەکرێگرتنی هەر مێزێك بۆ ئامادەبووان ١٢ هەزار دۆلاریشە. لەو بۆنەیەدا زیاتر لە ١٢٠٠ کتێب نمایش کراو تێیدا پیتەر ماثیسن (٨١ساڵ) خەڵاتی کتێبی وەرگرت لە بەرانبەر رۆمانی (وڵاتی سێبەر)دا. ماثیسن سەرنووسەری گۆڤارێکی ئەدەبیی ناودارە بەناوی (پاریس ریڤیو). خەڵاتی شیعریش درایە مارك دوتی لە بەرانبەر دیوانی (لە ئاگرەوە بۆ ئاگر)، دۆتی لە شیعرەکانیدا بایەخ بە شتە بچوکەکان دەداو بەسەرنجدان لێیان گەورەیان دەکا.

## *شاعیرو شێخ!:

ئەمە ناونیشانی دوا کتێبی حلمی سالمی شاعیری میسرییە، کە تێیدا وردەکاریی ئەو مشتومڕەی نێوان خۆیو ئەنجومەنی باڵای کاروباری ئیسلامی بڵاوکردۆتەوە، کە دوا بەدوای بڵاوکردنەوەی شیعری (بەلەکۆنی لەیلا موراد) دروست بوو. ئەو شیعرەی حلمی ساڵی ٢٠٠٧ لە گۆڤاری (ابداع) بڵاوکرایەوە، کە ئەحمەد عەبدولموعتی ئەلحیجازی سەرنووسەریەتی. دوای بڵاوبوونەوەی خەڵاتی باڵادەستی ئەدەبی لە میسر پێ بەخشرا، کەچی یوسف ئەلبەدری کە ئەنجومەنی باڵای کاروباری ئیسلامییە کەوتە شکایەتکردن، بەیانووی ئەوەی ئەو دەقە دژی (زاتی خواوەندە). بۆیە گۆڤارەکە لە بازار کۆکرایەوەو سەرنووسەرەکەی هەر زوو خۆی لە کێشەکە بردە دەرەوەو سەرلەنوێ گۆڤارەکەی چاپ کردەوەو شیعرەکەی (حلمی)ی لێ دەرهێنا! کەچی ئێستا ئەلبەدری شکایەتی لە وەزیری رۆشنبیریو سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای رۆشنبیری لە میسر کردووە تا ئەو خەڵاتە لە شاعیر بسێننەوە، کە بڕەکەی تەنیا (٨) هەزار دۆلارە! گوایە ئەوە بەهەدەردانی داهاتی وڵاتە!.

ماوەیەکە لە ئەردەنیش بۆ چەندین جار شاعیران دەدرێنە دادگاو لەلایەن دەسەڵاتەوە زیندانی دەکرێن. ئیسلام سەمحان کە شاعیرێکی تازە هەڵکەوتووی ئەو وڵاتەیەو لەسەر دوا دیوانی خرایە زیندانی ئەلجویدەو دوای ئازادکردنی بەکەفالەت، چوو لە بەیروت کۆڕێکی شیعریی بەستو هەندێك دەقی ئەو دیوانەی خوێندەوە.

پێشتریش ڕەقابەی ئەردەن دیوانێکی تاهیر ریازی قەدەغەکردبوو، داواشی کردبوو دەسکاریی بەشێکی دەقەکانی بکا ئینجا بڵاویان بکاتەوە، بەڵام شاعیر ڕەتیکردبووەوەو کارێکی لەو چەشنەی بەخیانەت لە شیعر دانابوو، دیوانەکەشی لە دەرەوەی ئەردەندا بڵاوکردەوە بێ گوێدانە سانسۆر.

## *دوا کتێبی پامۆك بەکوردی:

ئۆرهان پامۆك کە ساڵی ٢٠٠٧ خەڵاتی نۆبڵی لە ئەدەبدا پێ بەخشرا، لەم دواییە دوا رۆمانی خۆی بەناوی (موزەی ئەڤین) بڵاوکردەوە. بەکر شوانی کە پێشتر هەریەك لە (بەفر)و (ناوی من سوورە)و (قەڵای سپی)ی ئەو نووسەرەی کردۆتە کوردی، ئێستا خەریکی وەرگێڕانی دوا بەرهەمی پامۆکە لە تورکییەوە.

(موزەی ئەڤین) وەکو هەموو بەرهەمەکانی (پامۆك پڕن) لە زانیاریی وردو نووسەر زۆر شوێن‌و وڵاتان گەڕاوە بۆ دۆزینەوەو پشکنینیان.